
# کەشکۆڵی پێشمەرگایەتیم



## تاهیر قاسمی

بەهاری ١٤٠١ی هەتاوی (٢٠٢٢ی زایینی)

# کەشکۆڵی ئەویندارێکی نیشتمان



جەلال حەسەنزادە

بەردەوام بیرەوەری، سەربردە و بەسەرهاتی کەسایەتییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و هونەرییەکان دەخوێنمەوە. چێژی تایبەتیان لێوەردەگرم و لێیان فێردەبم. ئەزموونەکانیان دەکەمە توێشووی ڕێبازی ژیانم و دەست بە خاڵە بەهێز و لایەنە گرینگەکانی سەرکەوتنیان دەگرم و لەگەڵ شکست و لاوازییەکانیشیان دەچمە قوڵایی هۆکارەکانی و بیرم پەلکێش دەکەن بۆ زیاتر لێتێگەیشتنیان.

بەڕێز و هاوڕێی زێدە ئازیز و تێکۆشەرم کۆمەڵێک ڕووداو و سەربردەی خۆی لە توێ‌توێی کەشکۆڵێکدا نووسیوەتەوە. سەرەتا کە دەستم بە خوێندنەوەی کرد و لە یەکەم دێڕەکانیدا پێموانەبوو بتوانم زۆر بە ناخ و قوڵایی نووسینەکەدا بچمە خوارێ. هۆکارەکەش ئەوە نەبوو کە نووسەر هیچی لە هەگبەدا نەبێ بەڵکوو هۆکار خۆم بووم و پێموابوو چونکە منیش بەشێک لە ڕووداوەکانم، پێم بابەتێکی ئاسایی و سروشتی بوو. بەڵام هەیهوو! لەگەڵ هەر وشەیەک و ڕستە و دێڕێکیدا زیاتر بەدوای خۆیدا دەیکێشام و هەستم دەکرد یەکێک لە شاکارە گرینگەکانی

نووسەرێک دەخوێنمەوە. بە وەرچەرخاندنی نووکی خامە و کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی نووسین، زیاتر سەرسام دەبووم و نوقمی سەربردەکان دەبووم. زمانێکی پاراو و ئەدەبیاتێکی لە زاران خۆش، دەربڕینێک کە زۆرترین چێژ بە خوێنەر دەبەخشێت. لە بەستێنی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان شاهیدی بۆ فیداکاری و ورەبەرزی و لە خۆبردوویی کۆمەڵێک پارتیزان دەدات کە چاونەترسانە و بوێرانە بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە و لە وەرزی سەرماو و سەخڵەتی کۆتایی پاییز و سەرەتای زستان، گیانیان دەکەنە پردەبازی پەڕینەوەی ڕەوینەوە لە ستەم و زوڵم و زۆرداری دەستی ڕژیمی کۆماری ئاخوندی. گەرەکمە لێرەدا وچانێک بدەم و باسێک لە سەرەتای ناسینی نووسەر بکەم.

مقەڕ و بنکە و بارەگاکانمان لە بناری قەندیلەوە بۆ گەرمێن و نزیک شاری کۆیە لە پارێزگای هەولێر گواستبۆوە. لە درێژەی بەرنامە پەروەردەییەکان، کومیتەی شارستانی مەهاباد و لەسەرووی ئەوانیشەوە زیندەیاد کاک عەبدوڵڵا شەریفی قەرار درا زنجیرە کۆبوونەوەیەک بۆ مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە لەسەر مێژووی حیزب ڕێکبخرێت. کۆبوونەوەکان هەمووی بە زەبتێکی کۆن و ساکار تۆمار کران. کومیتە شارستان بە منیان سپارد کە ئەوەی تۆمار کراوە بیهێنمە سەر کاغەز. یەک دوو ڕۆژ، بۆ ماوەی چەند کاتژمێر کاتم بۆ تەرخان دەکرد. هەستم کرد بۆ کارێکی بە تەنێ بڕێک زەحمەتە و بیرم لێکردەوە کەسێک هاوکاریم بکات. بە تێرادیتنەوە داوام لە بەڕێز تاهیر قاسمی کرد. هەڵبژاردنەکەم بە سێ مەبەست بوو؛ یەکەم کەسێک بوو خولیای خوێندنەوە و

فێربوون و گەشەکردن بوو، دووهەم دەست و خەتێکی زۆر تایبەت و خۆشی هەبوو .سێهەم و گرینگتر لەوانە لە ڕێگای ئەوەوە ناوەرۆک و قسە و باسەکانی نێو کۆبوونەوەکان کە تۆمار کرابوون ببنە هەوێنی کۆڕ و کۆبوونەوەی نێو دەستە و پەل و لکەکانی هێزی پێشەوا. بە دلێکی فرەوانەوە بەدەم داواکەمەوە هات و هەتا کۆتایی بە یەکەوە هەموو تۆمارکراوەکانمان هێنایە سەر کاغەز. ئیدی لەوەوە زیاتر لێک نزیک بووینەوە و بەردەوام مشت و مڕ و قسە و باسمان لەسەر هەموو بابەتێک پێکەوە دەکرد. ئەو هەر وەک زۆربەی ئەو لاوانە بوو کە بە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیەوە پەیوەست دەبوون و دەبووینە هاوڕێ و هاوسەنگەری یەکتر. بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ئێمە دووجار هاوڕێ بووین. لە لایەکەوە هاوڕێ و هاوسەنگەری پێشمەرگایەتی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و لەولایترەوە هاوڕێ و دۆستی نیزیکی یەکتر کە دەکرا تایبەتیترین ژیانی شەخسی و گرفتەکانی بەردەممان بۆ یەکتر باس بکەین. چاکم لە بیرە بە ڕێکەوتی ١٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی بە دەفتەرێک و نامەیەکیشی بە جیا بەدستەوە بوو، لێم وەژوورکەوت و داوای لێکردم شێعرەکانی بخوێنمەوە و ڕا و بۆچوونی خۆمیان لەسەر بنووسم. لە نامەکەیدا سووکە گلەییەکیشی لە دۆستێک کردبوو کە لە جیاتی ئەوەی هانی بدات و ڕەخنەی کاریگەر لە شێعرەکانی بگرێت بە زمانێکی نەگونجاو و کرچ و کاڵ وتبووی "جاخۆ ئەوە زیاتر لە نامەی دلداری دەچن". هەر کە هەستم کرد تۆزێک لە نووسینی شێعر و هۆنراوە دڵسارد دیارە، لەو کاتەدا و دەم و دەست وتم " هەرکەس

ئەو قسەیەی کردبێ تەنیا ڕواڵەتی شێعرەکانتی دیوە یان هیچی لێنەزانیوە و نەک ناوەرۆک، بۆیە سەر پێی لە کۆڵ خۆی کردۆتەوە. داوادەکەم کاریگەری لەسەرت نەبێ و پێت دەڵێم بە جیددی لە هەڵەدا بووە.  هەر هەستیارێک بە هەست بزوێنی تایبەت بە خۆی گوڵی ئیلهامی دەپشکوێ، جا ئەگەر تۆش هەستی دەروونت بە یار و دڵدار دەربڕیوە، ئەو دڵداری و ئەوینەت لێ پیرۆز بێت. گوێی مەدەیە دەبا هەر بکەوییە بەر تیر و توانجی ڕواڵەت بینان، مەگەر نەتدیتووە گەورەترین شاکاری "نالی" بە ناوی حەبیبەوە ڕازاوەتەوە؟ زۆربەی مەزنە شاعیران بەو ڕێچکەیەدا ڕۆیشتوون و ئەمڕۆکانە جێی شانازی گەل و خەڵکەکەیانن." بەو قسانەم هێور بۆوە و وتی بەهەر حاڵ ئەوە شێعرەکانم و خۆت چیان لێدەکەی، بکە و ئەو شێعرەی مامۆستا هێدی بۆ زەمزەمە کردم:

دەس بە زولفی ڕۆژێ هەر دەگرم بەڵام جارێ زووە

چونکە پەیوەندی هەیە ژینم بە هەودای ئەو سووە

با سەر و ماڵـــــم لە ڕێگەی خۆشەویستیدا بچێ

خاڵی تۆم دی و لەو شتە وردانە دەستم شوشتووە..

لە ژوورەکەم چووەدەر. لەو ساڵانە بەدواوە ببووین بە باشترین هاوڕێ. لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٧٤ لە لایەن بەرپرسی کومیتە شارستانەوە هەموو ئەندامانی کومیتە شارستان بە شێوەیەکی نائاسایی بانگهێشت کران بۆ کۆبوونەوەیەکی بەپەلە. لە

کۆبوونەوەکەدا وێڕای ئاوڕدانەوەیەک لە کار و چالاکی چەند مانگی ڕابردوو، بەرنامە و گەلاڵەی داهاتووش باسکران کە یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکان ناردنەوەی تیمێک بۆ ناوچە و قوڵایی دەڤەری موکریان بوو. بەشدارانی کۆبوونەوەکە ڕاو و سەرنج و بۆچوونی خۆیان دەربڕی و تەنانەت هەشبوو ڕەخنەی لە سەر بەرنامەکە هەبوو و کاتەکەی بە لەبار نەدەزانی. سەرەنجام بە هاودەنگی گشتی گەیشتینە ئەو ئەنجامە کە ئامادەکاری بۆ ڕەوانەکردنەوەی تیمێکی ١٥ کەسی بکرێت و کەسەکان دەست نیشان بکرێن. ڕۆژی دوای ئەو کۆبوونەوەیە لیستێک ئامادە کرا کە لە کۆمەڵێک بەرپرسانی بەشە جیاجیاکانی هێزی پێشەوا هەڵبژێردران. ئەوەی لەم کەشکۆڵەدا دەیخوێننەوە، تێکۆشانی ئەو تیمە پازدە کەسییە لە ڕوانگەی یەکێک لە ئەندامانی تیمەکەیە.

"کەشکۆڵی پێشمەرگایەتیم" نووسراوەیەکی تایبەتە. روحی وەبەر ڕووداوەکان ناوە. کۆمەڵێک ڕووداوی هەستیار لە قۆناغێکی هەستیاری ناوچەکە بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی لەخۆدەگرێت. لەو کەشکۆڵەدا یەکەم دیاردە کە سەرنجی ڕاکێشام "ئەوین" بوو. ئەوینی پۆلێک هەڵۆی تەرە بوو لە هێلانە. پێناسەیەکی هەستی قووڵ و ئاڵۆز کە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە ڕێڕەوی گەشتێکی حەماسیدا بۆ چەندین دەیە تۆمار کردووە و لە گەڵ هەر گۆڕانکارییەک خۆی نۆژەن کردۆتەوە و خوێنەری کورد و بە تایبەت لاوان بەرەو گرینگترین ئامانجی مرۆڤ پەلکێش

دەکەن. زمانی دەربڕین، ڕەهەندەکانی جیهەتدارکردنی نرخ و بەها و کردەکان و بایەخ پێدراوەکان کە لەسەر بنەمای ئیدئۆلۆژییەکی وشکی چەقبەستوو قەوارەیان دیارینەکراوە بەڵکوو لەسەر بەستێنی حەقیقەت و ڕاستوێژی و ڕەوانبێژی ڕەگاژۆیان کردووە. هەروەها کەڵکوەرگرتن لە وشە، ڕستە، دۆخ، نووسین بە مەبەستی دەربڕینی ناوەڕۆک و گەیاندنی مانا، شارەزایانە لەسەر یەک و لە ڕێڕەوی گەشتێکی حەماسیدا هەڵچنراون. لێهاتوویی و لەبن نەهاتوویی زمانی دەربڕین، زەریایەکی قووڵی ئارام و مەندە لەو هەگبەیەدا. هەستی پڕ لە نەستی خامەتارێنی نووسینەوەی کۆمەڵێک ڕووداو و پێشهاتی بە ڕواڵەت ناکۆک بە یەکتر و ئاوێتە کردنیان بە یەکترەوە، سەرنج ڕاکێشە. بۆ وێنە، هەستێکی ناسکی شێعریی لەگەڵ دۆخی ڕەق و تەقی پڕ لە هەڵڵاوهەنگامەی شەڕ و پێکدادان و خوێن بە جۆرێکی شارەزایانە و وەستایانە لە نێو ناخی یەکتردا تەندراون کە نەک لەتمەیان لە یەکتر نەداوە بەڵکوو تەواوکەری یەکترن و دێڕ بە دێڕ، خوێنەر بەدوای خۆیاندا پەلکێش دەکەن. کۆمەڵێک فەنتازیای بەهێزی تایبەت بە خود لە پەلکێشکردنی خوێنەر بۆ جیهانێکی هەتا ڕادەیەک نامۆی کارەکتەرگەلێکی بەهێز، شەڕی حەماسی و مەترسیی گەورە، خوڵقاندنی دیمەنی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان لەچەشنی تابلۆیەکی جوان، هێمای بەهێزی گێڕانەوەکانن. سەرەنجام بەسەرهاتێکە لەسەر بنەمای چەند ڕووداوێکی مێژوویی کە ئەوین بۆتە رایەڵ و پۆی ئەو ڕووداوانە لە ڕەوتی تێپەڕاندنی مەسیرێک کە هەتا ئەمڕۆکانە پێیدا هاتووە و هەر درێژەی هەیە بەرەو داهاتوویەک

کە چاوەڕوانیی دەکات، لەم لایەنەشەوە ئەرکی خۆی بەجوانی دەربڕیوە. لە گواستنەوەی ئەو ئەزموونانە کە لەسەردەمێکی مێژووییدا مۆرکی خۆیان لە کۆمەڵگا داوە. هێندێکجاریش کە باسی شەهیدێک دەکات، لە ناخەوە خوێنەر دەهەژێنێ و لە دڵەوە کوڵی گریانی هەڵدەستێ:

داخم ئەوی دێر هات و ئەوی کەوناران

هاوبەشـــــــی مەرگن و لە دنیا تاران

کەس نایەتەوە بەرەو ژیان، لێی پرسم:

لە کوێیە بنە و باری هــــەواری یاران؟!

بیرەوەرییەکان هەر تراژێدی نین. زۆرجار قسە و نوکتەی خۆشی هاوڕێیان بۆتە هەوێنی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان کە ماندوویەتی خوێندنەوەت دەڕەوێننەوە و لەو بەستێنەشدا وچانێک دەدەی. تەنانەت سەرت سووڕ دەمێنێ کە لە بارودۆخێکی ئاوا دژوار و ئاستەمدا ئەو قسە خۆشانە چۆن جێیان بۆتەوە؟!

لە کۆتاییدا تەنیا جێی وڵام بە پرسیارێک بەتاڵە و ئەویش من وەک خۆم وڵامەکەیم لایە کە چۆن بوو بڕیار درا لەو کاتە نابەوەختەدا ئەو تیمە ١٥ کەسییە ڕەوانەی ناوچەی موکریان بکرێنەوە.

ئەویش دوو هۆکاری هەبوو؛ یەکیان ناوخۆیی و تەشکیلاتی، دووهەم سیاسی و ڕوو بە دەرەوە وەک پەیامێکی گرینگ بە داگیرکەر. بەڵام وردەکارییەکانی ئەم وڵامە دەهێڵمەوە بۆ دەرفەتێکیتر. هەرماوە بڵێم هەزار جار دەستیخۆش و خامەی نووسەر تیژتر و ڕەنگینتر بێت.

جەلال حەسەنزادە

هولەند ٢٠٢٣/٣/٢٣

***

# کەشکۆڵی پێشمەرگایەتیم

نێوەڕاستەکانی پاییزی ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی (کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٥زایینی) بوو. لە مێژ نەبوو بۆ بنکەکانمان لە باشووری کوردستان گەڕابووینەوە کە ئاگاداریان کردمەوە خۆم بۆ چوونەوە و تێکۆشان لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە بکەم. داواشیان لێ کردم جارێ باسی ئەو ئاگادارکردنەوە و گەڕانەوەیە نەکەم تا لە وادە و ڕۆژی گەڕانەوە نیزیک دەبینەوە. ئەوەی لەم کەشکۆڵەدا دەیخوێننەوە، بەسەرهاتی ئەو گەڕانەیە.

ئێستا کە ئەو جەولەیە لە ساڵانی پێشمەرگایەتیم دەنووسمەوە، دەمهەوێ لە سۆنگەی ئەوەیاندا ئاوڕ لە ساڵانی پێشتر و تا ڕادەیەک دواتریش بدەمەوە و بە پێی ئیمکان، هەڵکەوت و پێویست سەرنجڕاکێشەکان لەو چوارچێوەیەدا بنووسمەوە. ئیتر پێویست ناکا سەرلەبەری ڕۆژانی پێشمەرگایەتیم وەرد بدەمەوە کە نە پێموایە هەمووی بۆ خوێنەر سەرنجڕاکێش دەبێ و نە لەهەر جەولە و جووڵەیەکی پێشمەرگانەمدا ئەوەندە ڕووداوی جێگای

سەرنج هەبووە کە پێویست بکا بە جیاواز و سەربەخۆ بیاننووسمەوە. هەڵبەت ئەو بەسەرهاتەی کە لێرە دەیخوێننەوە، بەر لە منیش دوو هاوڕێی دیکە کەموزۆر نووسیویانەتەوە و لە ڕوانگەی خۆیانەوە یادیان کردۆتەوە. ئەوەش کارەکەی بۆ من ئاسانتر کردۆتەوە. لەهەر جێیەک کەم بێنم، ئەوە دەستەوداوێنی نووسراوەکانی ئەوان دەبم و لە کوێش پێویست بکا، ئەوە دەقاودەق لێیان کۆپی دەکەم و بە ئاماژە بە سەرچاوە، تێکهەڵکێشی بیرەوەرییەکانی خۆمیان دەکەم.

***

بنکەکانمان لە نیزیک شاری کۆیە و لە قووڵایی دیوی گەرمێن هەڵکەوتبوو. لە دیوی کوێستان هەوا بەرەو سەرما و وەرزی زستان دەچوو. لەبەر ئەوە بڕیاری ناردنەوەی پێشمەرگە لەو کاتانەدا بە لامەوە بڕێک نائاسایی بوو. هەڵبەت چوونەوە بە تۆبزی نەبوو. دەتتوانی بڕ و بیانوو بێنیتەوە و نەچی. بەڵام من بەو بڕیار و ئاگادارکردنەوەیە دڵخۆش بووم. هەم بەوە کە بووم بەجێی متمانە و تێڕادیتنی حیزب و هەمیش ئەوە کە هەمیشە مانەوە لەنێو خەڵکم پێ لە دانیشتن لە بنکەکانمان لە باشووری کوردستان، پێویستتر و خۆشتر بوو. تەنانەت ئەو کاتانەشم هەر پێ ناخۆش بوو کە لە قووڵایی ناوچەوە بەرەو ناوچە شاخاوی و دوورەدەستەکان هەڵدەگەڕاین. چ جای دوورکەوتنەوە لەو خەڵک و خاکەی کە بۆ ڕزگاری و ئازادیی ئەوان ببووین بە پێشمەرگە و تێدەکۆشاین.

سەرەنجام وادەی بەڕێکەوتن گەیشت. ئەوانەی بۆ ئەو گەڕانە هەڵبژێردرابووین، لە تیمێکی پازدە کەسیدا سازمان دراین. پێکهاتەکەم پێ خۆش بوو. تیمەکە بە بەرپرسایەتیی کاک جەلالی حەسەنزادە سازمان درابوو کە لە ڕەفیقە نیزیکەکانم بوو. مرۆڤێکی قسەخۆش، لەسەرەخۆ، لە تێکۆشانی پێشمەرگانەدا شێلگیر و بەئیمان و، لەنێو خەڵک و هاوڕێیاندا خۆشەویست و جێگای ڕێز بوو. لەو کەسانە بوو کە وێڕای پێشمەرگایەتی، سەری لە ئەدەبیات و خوێندنەوە و نووسینیشدا هەبوو. ئەوە هۆکاری نیزیکبوونەوەمان بوو. ڕەنگە یەکەم کاری هاوبەشمان، نووسینەوەی کتێبی "نیوسەدە تێکۆشان"ی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە بووبێ. زستانی ساڵی١٣٧٢ی هەتاوی، کاک عەبدوڵلای شەریفی ڕیزە کۆبوونەوەیەکی بۆ مامۆستا حەسەنزادە، کە ئەوکات جێگری سکرتێری حیزب بوو، لە بنکەی هێزی پێشەوا پێکهێنا. ئامانجی ئەم زنجیرە کۆبوونەوەیە، نووسینەوەی مێژووی حیزب بوو. کۆبوونەوەکان تایبەت بە کادرەکانی حیزب بوون و من تێیدا بەشدار نەبووم. بەڵام دواتر کاک جەلال داوای لێ کردم کە

له نووسینەوەی وتەکانی مامۆستادا یارمەتی بدەم. قسەکانی مامۆستا لەسەر شریت ئاستە کرابوون و دەبوو بە شێنەیی گوێیان بدەینێ و بیاننووسینەوە. دواتر ئەو نووسینەوانە بوون بە بنەمای کتێبەکەی مامۆستا و دوو ساڵ دواتر لە پەنجا ساڵەی دامەزرانی حیزبدا چاپ و بڵاو کرایەوە.

وەک باسم کرد جگە لە کاک جەلال، زۆربەی ڕەفیقەکانم لە تیمەکەدا بوون. نیزیک بە تەواوی ئەندامانی تیمەکە بەرپرسایەتیی جۆراوجۆریان لەنێو هێزی پێشەوا و کۆمیتەی شارستانی مەهابادا هەبوو. هەر لە کادری سیاسیی کۆمیتەی شارستانەوە تا سەرپەلی یەکێک لە پەلەکانی هێزی پێشەوا. ئەمن ئەوکات بەرپرسی سیاسیی لکی دوو بووم بەڵام لە ڕێکخستنی تیمەکەدا هیچمان بە بەرپرسایەتیی خۆمانەوە سازمان نەدراین. جەلال حەسەن زادە کە کادری کۆمیتەی شارستان و ئەندامی تیمی ڕێکخستنی ناوچەی مەحاڵ بوو، بە بەرپرسی سیاسی و ئەحمەد عەباس نەژاد کە کەمتر بەو ناوە و زیاتر بە ئەحمەدەسوور یان ئەحمەد زاواکێوی

دەناسرا، بە بەرپرسی نیزامیی تیمەکە دیاری کرابوون. ئەحمەد سەرلکی لکی یەکی هێزی پێشەوا و لە باری نیزامییەوە کەموێنە بوو. مرۆڤێکی هەڵسووڕ، ئازا، شارەزا و لە کاری نیزامیدا بەئەزموون و خاوەن توانایيەکی سەیر بوو. لە دوای ئەوان کەریم ئیبراهیمزادە (کەریمەسوور) کادری سیاسی و ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی گەورکایەتیی مەهاباد و وەک پێشمەرگەش نێوبانگی ئازایەتیی زۆر بوو. سولەیمان موقەدەمزادە (کەوتەری) کە جێگری فەرماندەی لکی دووی هێزی شەهید پێشەوا بوو، بە جێگری نیزامیی تیمەکە دیاری کرابوو. ئەسعەد شاماتی، مەحموود کوورانی، ڕەحمان بەرەجۆیی و کەریم بەرخان کە کەریم دێموکراتیشمان پێ دەگوت، وەک جێگری سەرپەل، سەرپەل یان جێگری سەرلک لە پەل و لکەکانی خۆیاندا بەرپرسایەتیی نیزامییان هەبوو. کارۆ کادری دەرمانی بوو. کەماڵ فەڕوخی لە ناوچەکانی مەحاڵدا تێکۆشانی هەبوو و ناسراو بوو. کەماڵ فیشاڵی ئەزموونی لە کاری تیمی و چالاکی لەنێو شاری مەهاباد و دەوروبەردا هەبوو. بایزید کە بە زاراوەی خەڵکی ناوچەکە بە بازید ناوی دەهات و ئەگەریش

خۆشمانویستبا پێمان دەگوت شێر، بێسیمچی بوو. قەنناسە بە خالید زیرەک بوو. ڕەحمەت حەسەنپوور هەرچەند هاوینی ڕابردوو بریندار ببوو و تازە برینی سارێژ کردبۆوە، بیکەیسی پێبوو.

کۆتاییەکانی مانگی خەزەڵوەر لە ڕێگای قەڵادزێوە بە چەند ماشێنان لە سنوور نیزیک کراینەوە. مەودایەک بە پێیان، بە دۆڵەکۆگێدا ڕۆیشتین و لە شوێنێکی نیزیک سنوورماینەوە. دۆڵەکۆگێ لەسەر سنووری دەسکردی ئێران-عێراق، بە دیوی باشووری کوردستاندا هەڵکەوتووە. ناوچەیەکی سەخت و ئەستەمە. سەردەمی خەباتی شاخ لە باشوور، بۆ ماوەیەک بنکەی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ بوو. کاولەکانی مابوون. هاوینی ڕابردوو لەو دەوروبەرە تووشی شەڕێکی سەخت و تاقەت پرووکێن بووین؛ نیوەشەو کە بە هاوکاریی تیمێک پێشمەرگەی ناوچەی سەردەشت دەمانهەویست بەرەو باشووری کوردستان سنوور ببڕین، لە دۆڵەتوێ کەوتینە نێو کەمینی دوژمن. کۆمەڵێک لە هاوڕێیان، بە هاوکاریی تیمەکەی ناوچەی

سەردەشت، دەستەی پێشڕەو بوون. لەپڕ تەقە و شریخەی تفەنگ ئەو دۆڵەی پڕ کرد. ئێمە لە جێی خۆمان دانیشتین و چاوەڕێ بووین تیمە پێشڕەوەکە بگەڕێتەوە تا بزانین چ بووە. ئەحمەد زاواکێوی بە هەڵەداوان هاتەوە. گێڕایەوە کە بە فارسی دەنگیان داون بەڵام ئەو فارسی نەزانیوە تا وڵامیان بداتەوە و تەقەی لێ کردوون. تفەنگەکەشی هەر یەک فیشەکی دەرکردبوو. بەداخەوە لەو کەمینەدا قادر مەمۆ شەهید بوو. ڕەحمەت حەسەنپوور و کاوە چالاکیش کە لەگەڵ دەستەی پێشڕەو بوون، بریندار بوون. بە ناچار گەڕاینەوە نێو ئاوایی دۆڵەتوو. لە پایەگای سەر لوتکەکانی دەوروبەرەوە ئاوربارانی ئەو دۆڵ و نشێوە دەکرا. فیشەکەکان کە زۆربەیان گڕدار بوون، وەک پۆلووی ئاور بەسەرماندا دەبارین. لە گوندی دۆڵەتوو چەند وڵاخمان بۆ گواستنەوەی بریندارەکان وەرگرت و ڕێگای پەڕینەوە لە سنوورمان بۆ لای دۆڵەکۆگێ گۆڕی. لەو هەڵلاو هەنگامەیەدا جاشێکی خەڵکی قۆزلوێشمان پێ بوو کە پێشتر بە دیل گیرابوو و دەبوو بیبەینەوە بۆ دەفتەری سیاسی تا لەوێ بڕیاری لەسەر بدرێ. ئەویش هێندە

دەستەمۆ بوو کە جاری وابوو بۆخۆی وەپێش پێشمەرگەکان دەکەوت و بانگی دەکردن کە وەرن بێرەدا ڕێگاکە خۆشترە! ژمارەی پێشمەرگە زۆر بوون و بریندارێشمان پێ بوو. بۆیە زۆر بە سەختی گەیشتینە سنوور. زەردە لە سەرانی دابوو و ئێمە تازە "لەو بستووکەی دوژمن ناوی ناوە سنوور"[1]، ئاوا دەبووین. من لە نێوەڕاستی ڕیزەکە دەڕۆیشتم. لەبیرمە پێش ئەوەی لە زینوێکە ئاودیو بم، ئاوڕێکم داوە و دوا هەناسەم لە هەوای فێنکی ڕۆژهەڵات هەڵمژی. لایەکم دەشتی سەرسەوز و بەرینی وەزنێ و لاکەی دیکە ڕیزی هێشتا درێژی پێشمەرگە بە دوامەوە بوو. لەلای ڕاستمان پایەگایەکی دوژمن بە بێدەنگی وەرکەوتبوو. لە پێشیشمانەوە دۆڵ و دەرەی دۆڵەکۆگێ. پێش ئەوەی بگەینە دۆڵەکە، ڕاوەستاین تا هەموو پێشمەرگەکان بگەنێ بەڵام لەو کاتەدا تۆپ و کاتیۆشاباران زۆر بە خەستی دەستی پێ کرد. ئێمە و دەوروبەرمانی دەکوتا. هیندە نیزیک کە لەوێ هاتمە سەر ئەو باوەڕە کاتیۆشا هیندەی بە هاشوهووش و تۆقێنەرە ئەوەندە

[1] - ئاماژە بە شێعرێکی مامۆستا هێمن: تۆی کە من ون کرد و منی لە تۆ دوور     ئەو بستووکەی دوژمن ناوی نا سنوور

کاریگەر نییە و ناکوژێ. زۆری پێ نەچوو هێزەکانی ڕێژیم بەرزاییەکانی سنووریان گرت. بەشێک لە پێشمەرگەکان کە لە کۆتایی ریزەکە بوون، لەژێر تەقەی ئەواندا نەیانتوانی خۆ بگەیەننە ئێمە. لە ناو دۆڵێکدا بە جۆرێک کەوتنە گەمارۆوە. تەنانەت یەک-دوو کەسمان هەر نەیانتوانی لە سنوور بپەڕنەوە و لەودی[2]و خۆیان پەنا دا. ئێمە لەوان بێخەبەر بووین. بۆ ئەوەی تۆپ نەمگرێتەوە، لەبن گابەردێک دانیشتم. یەکجار ماندوو بووم و زۆریشم برسی بوو. هاوتێشووەکان هیچیان لەگەڵمدا نەبوون و لێک هەڵبڕابووین. سێ کەس بووین. لە تێشوو دابەشکردندا یەکیان قەند و چا، یەکیان نان و ئەمن ئەرکی هێنانی پێخۆرم لەسەر شان بوو. وەبیرم هاتەوە کە ئێوارەی دوێنێ لە بەردەسووری ناوچەی سەردەشت میوانی ماڵێکی زۆر میوانگر و پێشمەرگە خۆشەویست بووم. کیتەڵەیەک برینج و تەماتەی سوورەوەکراویان بە تایبەتی بۆ دە کۆڵەپشتیەکەم نابوو. دانیشتم و زۆر بە ئیشتیا برینج و تەماتەکەم خوارد. ئێستاش برینج و

---

[2] - دوو یا سێ کەس کە ئازووخە و خواردنیان بە یەکەوە بێ، هاوتوێشوو، هاوخەرج.

تەماتە یەک لە خواردنە دڵخوازەکانمە و هەتا بیخۆم ئەو ڕۆژانەم وەبیر دێنێتەوە. کە تێرم خوارد، تینووم بوو، بەڵام ئاو دوور و تۆپباران گەرم بوو. بۆ ئەوە نەدەبوو پەلەقاژەی بۆ بکەم. ئەوەندەش هیلاک و ماندوو بووم کە لەژێر ئەو تۆپ و کاتیۆشابارانەدا خەوم لێ کەوت. نازانم چەندە خەوتم کە بە دەنگی کاک عومەر باڵەکی وەخەبەر هاتم. کاک عومەر بەرپرسی کۆمیتەی شارستان بوو. هەم خۆشەویست و هەم قەڵایەک لە ورە و ئازایی بوو. کە بەخەبەر هاتم، گوێم لێ بوو داوای لێ دەکردم وێڕای چەند کەسی دیکە بچین تەقە بۆ ئەو پێشمەرگانە بکەین کە لە گەمارۆ کەوتوون، بەڵکو ڕزگاریان بکەین. دیاربوو کەم خەوتبووم. چونکە کاتێ هەستام هەموو لەشم کوترابوو و ماندوویی لە لەشم دەرنەچووبوو. بە زەحمەت خۆم ڕاکێش دەکرد. عەلی قۆیتاسی کە فەرماندەی لک بوو، محەممەد پووزش، کەماڵ فەڕوخی، سەلاح شەریفی، مەحموود کوورانی و هیدایەت شێرخانی بۆ ئەو کارە حازر کرابوون و منیش لەگەڵیان کەوتم. زۆر نەڕۆیشتبووین، محەممەد کە بڕێک قەڵەو بوو، گوتی

من زۆر ماندووم و نایکێشم. گەڕایەوە. چەند هەنگاوێکی دیکە کەماڵیش لەبەر ماندوویی گەڕایەوە. ئەوانی دیکەمان وەسەر دەکەوتین کە سەلاح شەریفی لەسەر ڕەوەزە بەردێکەوە هەڵدێرا. هەم لەبەر ماندوویی زۆری خۆمان و هەمیش لەبەر ئەرکی پێ ئەسپێردراو، نەمانتوانی بە دوایدا بچین. دواتر زانیمان کە لەو هەڵدێرانەدا لاقێکی شکابوو. چەند هەنگاو ئەولاتر لە پەنا تاشەبەردان دامەزراین و بە تەکتیر تەقەمان لە کێوەکەی بەرامبەرمان دەکرد کە پاسدارەکان لێی جێگیر ببوون. هیدایەت دوو مووشەکی ئارپیجی پێ مابوو. تازە کە کەوتبووینە دیوی باشوور، وادیاربوو دیویست هاژەکەکان لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. هەردوویانی هاویشت کە نەگەیشتنە هیچ کوێ و چ ئامانجیان نەپێکا. مەحموودیش دوای هاویشتنی چەند تیر، تفەنگەکەی گیری کرد. ئیتر لەو دەستە حەوت کەسییە هەر عەلی و من باینەوە. مەوداکە دوور و ئێمەش تەنیا کلاشینکۆفمان پێ بوو. تەقەکردنەکەمان شوێنی ئەوتۆی لەسەر باری شەڕەکە نەبوو. نەشماندەتوانی زیاتر بچینە پێش. پێشمان پایەگا و دەستی

ڕاستیشمان ئەو دۆڵە بوو کە هاوڕێکانمان لەژێر ئاوری چەکەکانی دوژمندا دەرفەتی دەربازبوونیان نەبوو. بۆیە لەوە زیاترمان بۆ نەدەکرا. بە مێشکمدا هات کە مانۆڕێک بدەین بەڵکو دوژمن ترسی ڕێنیشێ و پاشەکشە بکا. ئەویش ئەوە بوو کە تەقە لە پایەگاکەی پێش خۆمان بکەین. فکرەکەم بە عەلی گوت. هەرچەند گوتی خۆ پایەگا کاری بە ئێمە و بە شەڕەکە نییە بەڵام دیاربوو کە ئەویش لەو دوورە تەقە شوێن دانەنەرەمان وەڕەز و ناهومێد ببوو. لوولەی تفەنگانمان بەرەو پایەگا وەرسووڕاند. زیلێکی ئەرتەشی کە پشتەوەی بە چادر داپۆشرابوو، لە ناو پایەگادا دیاربوو. بە ئیشتیا سیلەمان لێ دەگرت و فیشەکمان پێوە دەنا. لەپڕ دووکەڵ و ئاوری لێ بەرز بۆوە. دیاربوو تەقەمەنی تێدایە. دووکەڵ لەسەر پایەگاوە بەرەو ئاسمان کۆڵەکەی بەست. بەوە، هێزی دوژمن پێیوابوو ئێمە خەریکین پایەگاکە دەگرین. لە ترسان پاشەکشەیان کرد و بەرزاییەکانیان بەجێ هێشت. بەو جۆرە باری شەڕەکە بە قازانجی ئێمە گۆڕا و هاوڕێکانمان کە وێڕای دوو

برینداره‌كه‌ی شه‌وی ڕابردوو، دوو كه‌سی دیكه‌شیان لێ بریندار ببوو، له‌ گه‌مارۆكه‌ ده‌رباز بوون.

***

لە گەڕانەوەی ئەمجارەماندا ساڵ بەرەو وەرزی سەرما و زستان دەڕۆیشت. پایەگای گۆڕین کۆی کردبۆوە و چۆڵ کرابوو بەڵام سنوور هەمووی مینڕێژ بوو. دەرچوون و پەڕینەوە لەو سنوورانە بۆ ئێمەی دوور لە سنوور یەکێک لە ئاستەمەکان بوو. تیمێکی پێنج کەسیی هێزی گیارەنگ پێکهاتوو لە حەسەن موتەفەقی ئەدەب (حەسەنی عەلی چاپەز)، قادر حوسێنپوور(قادر میراوەیی)، ساڵح محەمەدپەنا(ساڵح قەلەڕەشی)، حوسێن باساوەیی ناسراو بە سەلیماغا و عوسمان زەردەکانی ئێوارەی ڕۆژی دواتر گەیشتنە لامان و شارەزایانە ڕێگا و ڕێچکەی مینڕێژکراویان خاوێن کردەوە. بە چاوساغی ئەوان هەر لەو سنوورە و لەو کەلەوە کە هاوینی ڕابردوو لێی دەرباز ببووین، گەڕاینەوە. ئەو تیمە زۆر زوو لە ئێمە هەڵبڕان و بە دوای کاری خۆیاندا، بەرەو گوندەکانی ناوچەی سەردەشت ڕۆیشتن. ئێمەش زیاتر بە چاوساغیی ئەحمەدەسوور، بە دەشتی وەزنێدا، بەرەو ناوچەی مەهاباد درێژەمان بە ڕێگای خۆمان دا. هەر کە ئاودیوی دیوی کوێستان بووین، هەستم بە سەرما و گۆڕانی هەوا کرد. هەوای دوو دیوی

گەرمێن و کوێستانی کوردستان ئەگەرچی تەنیا کێوێک و تیرەگێکیان بەینە بەڵام وەک ناوی خۆیان بە خۆیانەوە، جیاوازیی گەرما و سەرمایان زۆرە. لەو وەرزەدا کە تەنیا مانگێکی بۆ زستان مابوو، دیوی کوێستان سەرمای تێگەڕابوو لە حاڵێکدا لە دیوی گەرمێن دەتتوانی شەوان بە تەنکە پێخەفێک بخەوی. ئەو شەوە مەودایەکی زۆرمان بڕی. لە دەشتی وەزنێ نەرمە بارانێکمان بەسەردا باری. بە هێلانە هەڵۆدا هەورازێکی ڕژدمان بڕی. بەسەر پردی قەڵاتاسیاندا، چۆمی کەڵوێ و ناوچەی سەردەشتمان تێپەڕ کرد و گەیشتینە ناوچەی ڕەبەت. بەرەبەری بەیانی بوو کە گەیشتینە گوندی مێرگەپیرکێ. گوندێکی چەپەک کە هاتوچۆی کەمی بەسەرەوە بوو. ڕۆژ لەوێ ماینەوە. ئێوارە، لە گوند وەدەرکەوتین و میوانی دۆڵەتووی ناوچەی ڕەبەت بووین. بەسەر ماڵەکاندا دابەش بووین و شیومان خوارد. دواتر هەمووسان لە ماڵێکدا کۆ بووینەوە. هەوا سارد و زەوی تەڕ بوو. لەو سەرما و تەڕ و تووشەدا، مانەوە و حەسانەوەمان لە چیا ئاستەم بوو. بۆیە تا بەری بەیان لەو ماڵەدا خەوتین و شەوەکی بەرەو شوێنێک کە

بەرپرسان پێشتر دیارییان کردبوو، وەڕێ کەوتین. نیزیک گوندی سوورخاو بوو. لەوێوە ئیدی ناوچەی مەهاباد بوو. ئێوارەی ئەو ڕۆژە میوانی گوندی میریسێ لە ناوچەی مەنگوڕایەتی بووین. لە دێیەکە زەماوەند و بووک گواستنەوە بوو. هێندێک جاشی سەر بە عەشیرەتی مەنگوڕیش کە بۆ سەر شایی و زەماوەند هاتبوون، لەوێ بوون. لەگەڵ پێشمەرگەکان تێکئاڵقابوون بەڵام هاوڕێکانی ئێمە ئەوانیان نەناسیبوو و ئەوانیش خۆیان بێدەنگ کردبوو. دواتر کە ئەوەمان زانییەوە، ئیدی لەو گوندە نەماینەوە و زووتر وەدەرکەوتین. پێشتر وامان دانابوو کە جارێ ڕوو لە ناوچەی سەخت و ئاستەمی مەنگوڕایەتی بکەین بەڵام کە دیتمان ڕێژیم ناوچەکەی چۆڵ کردووە، دەرفەتمان بە لەبار زانی کە ڕوو لە گوندە گەورەکانی ناوچەی گەورکایەتی بکەین. بەرەبەیانی لە مەزرای مام ڕەسووی تووان، لە پشت گوندی یاراڵی بارگەمان خست. مەزرا چۆڵ بوو. هیچ پێداویستییەکی لێ وەگیر نەدەکەوت. هەوا زۆر سارد بوو. زەوی سیخواری لەسەر نیشتبوو. کوڕەکان دوو قاپ ویسکییان لە قاچاخچی وەرگرتبوو.

لە سەرمان یەکەی ئیستکانێک یان دوو ئیستیکان ویسکیمان کە وەبەر دەکەوت، خواردمانەوە. خالید زیرەک دوای خواردنەوەی بەشە ویسکییەکەی، خۆی دە کیسەخەوەکەی خزاند و مات بوو. ئێمە سێ – چوار کەس بە دەوری یەکەوە کۆزیلکەمان[3] بەستبوو و قسەمان دەکرد. لەپڕ خالید سەری لە کیسەخەوەکەی دەرهێنا و هەرای کرد؛ کوڕینە ئەو شووشە ویسکیانە بشارنەوە با پاسدار نەیانبینن، قاچاغن! نازانم دوای ئەوەی سەری بە خواردنەوەی ویسکیەکە گەرم داهاتبوو، چۆنی بیر لێ کردبۆوە کە پێیوابوو بوتڵە[4] بەتاڵە ویسکیەکان لە خۆمان قاچاغترن!

یاراڵی بۆ من بیرەوەرییەکی خۆشیشی هەبوو؛ بە درووستی لەبیرم نییە هاوینی ئەو ساڵە بوو یان ساڵی پێشتر کە لەو گوندە نامەی ڕەفیقێکی خۆشەویستم پێ گەیی. کەریمی عومەرپوور کە تازە لە جەولەیەکی ناوچەی چۆمی مەجیدخان گەڕابۆوە، نامەکەی بۆ هێنابووم و لە یاراڵی کە تووشی بووم، پێیدام. نامە بێجگەلە چاک

---

[3]- کۆبوونەوە بە دەوری یەکتر، ئاڵقەبەستن بە دەوری یەکتر، دانیشتنی چەند کەس لە پەنا یەکتر کە بە یەکەوە دایرەیەکی بچووک پێکبێنن

[4] - بوتری، شووشەی بەتاڵ

و چۆنی، بابەتی ئەوتۆی تێدا نەبوو بەڵام بۆنی زێد و بۆنی منداڵیمی لێ دەهات. بۆنی کۆنەئاواڵێکی خۆشەویست. لەبیرمە زۆر پێشتریش، دوای ئەوەی بۆ خوێندن من پەڕیوەی مەهاباد بووم و ئەو چوو بۆ بۆکان، یەکەمجار هەر ئەو لەبیری بوو نامە بنێرێ. ئەودەم بە پێچەوانەی ئەمجارە، ئەوەندەی قسەی قۆڕ دە نامەکە ئاخنیبوو و ئاوێتەی تەنز و پێکەنینی بەسەرهاتەکانی دەورانی منداڵیمانی کردبوو کە بۆ ماوەیەک باری غەریبی لەسەر لێوم لابرد. نازانم ئەمجارە چۆن پەرژابوو بەو دەمودەستە و بەو خەتە ناخۆشە دانیشێ، کاغەز بنووسێ و بینێرێ بەڵام بە درێژایی ئەو تەمەنە دوور و درێژەی کە یەکتر دەناسین و ئاواڵین، ئەو لە هیچ دەرفەتێک بۆ پرسین و بەسەرکردنەوەم خۆش نەبووە. ئەگەر بواری لێ پرسینیشمی نەبووبێ، دڵنیام قەتی لەبیر نەکردووم. نەشیتوانییێ بەسەرم بکاتەوە، لە دایکم و باوکم غافڵ نەبووە. خوشکم دەیگێڕاوە؛ جاری وابوو وێنجەکەمان وەختی دروونی بوو و بابم خۆی ساز دەکرد سبەینێ یان دووسبەی بچێ، بیدروێ، کەچی کاتێک کە دەچووین، وێنجە دروابوو! ئێستاش

نەمانزانی چۆنی دەزانی بە تەمای درۆونین، بە کوێدا دەچوو بیدرویێ و چۆنی دەدروو.

***

لەو گەڕانەدا، ئێوارەیەک سەردانی گوندی قالوێی شێخانمان[5] کرد. پاش نانی ئێوارە، هەموو پێشمەرگەکان لەوماڵەدا خەوتین کە خانەخوێی من و هاوڕێیەکی دیکە بوو. ماڵەکە بڕێک سەرپەڕ بوو. بە پێی عادەت، دەبوو تا نیزیک بەرەبەیان لەوێ بمێنینەوە و پاشان بەرەو شوێنی مانەوە لە چیا بەڕێ بکەوین. بەڵام ئەحمەد زۆر زووتر بەخەبەری هێناین. لەو کاتەدا کە بۆخۆی و کەماڵ فیشاڵی نیگابان ببوون، کەسێکی خەڵکی دێ، خاوەن ماڵی ئێمەی بۆ مزگەوتی ئاوایی بانگ کردبوو. ئەحمەد خۆی نیشانی کابرای قاسید نەدابوو. تەنیا گوێی لە سرت و خورتیان ڕاگرتبوو و زانیبووی جاش و پاسدار هاتوونە نێو ئاوایی و ماڵوپیاو[6] بۆ مزگەوت بانگ دەکەن. کەم خەوتبووین و ماندوویەتی لە بەدەنمان دەرنەچووبوو. لەشمان قورس بوو. پێشمەرگەکان بە دەم بۆڵەوە خۆیان ساز کرد. لەنێوماندا هەموویان باوەڕیان بە ئەحمەد نەدەکرد. هەبوون دەیانگوت چونکە ڕێگامان دوورە، بەو بیانوویە

[5] - سێ گوند بە ناوی قالوێ لە ناوچەی گەورکایەتیی مەهاباد و لە نیزیک یەکتر هەن؛ قالوێی شێخان، قالوێی زەندان و قالوێی ڕەسواغا
[6] - لە هەر ماڵەی پیاوێک

زووتر هەڵیهەستاندووین. بەو حاڵەش گورج خۆمان کۆ کردەوە و بە قەراغ ئاواییدا لە دێ دەرچووین. پاش چەند سەعات ڕێگا پێوان، لە نیزیک گوندی قادراوا، لەنێوان ئاواییەکانی گڵێنان و شاگێلدی، لە چارداخێکدا ماینەوە. ژوورێکی بچووک لە شوێنێکی بەرز و بەرچاو. دەلاقەی بە لای قادراوادا و دەرگای بە ڕووکاری پێچەوانەدا هەڵکەوتبوو. هەڵبژاردنی ئەو شوێنە ریسکی زۆر بوو بەڵام بۆ حەسانەوە و مانەوە لەو سەرما و تەڕ و تووشەدا، لەبن بەرد و نێو دار و ئاودڕان باشتر بوو. کەریم ئیبراهیم زادە ناسراو بە کەریمە سوور کە یەک لە ئەندامانی تیمەکە بوو، لە گێڕانەوەی خۆیدا ئاوای وەسفی شوێنەکە کردوە؛

*"چادراغەکە[7] هەر دوو و نیو لە سێ (میتر)دا دەبوو. لایەکی دیواری خار و سێ لایەکەیتری بە بەرد و قوڕ هەڵچنرابوو. دەلاقەیەکی بچووکی هەبوو دەکەوتە لای دیواری رووکاری چۆمەکە یا نیدەکەوتە لای باکووری. سەرگێرێکی بە مۆرە دروست*

[7] - وشەکە بە هەردوو شێوەی چادراغ و چارداغ دەگوترێ

*کراو، چاڵووک لە لێواری تێچەقێندرا بوو. بڵیندایی هەر میتریک دەبوو. دەکەوتە پشتی چادراغەکە واتە بەشی رۆژئاوای. دەرگای کەوتبۆوە رۆژهەلات. ئاودرٍ (خرێک) لە پێش دەرگاکە هەڵکەوتبوو کە هەر پەنجا مێتر دوور بوو لە دەرکی چادراغەکە. پێش دەرگای چادراغەکە تەپۆڵکەیەک هەڵکەوتووە. زۆر بڵیند نیٚ. بەردی قۆچەقا نی‌دەگاتیٚ. سەرووتر باسکێکە دەکەوێتە سنووری مەزراکانی‌هەرسێک ئاوایی. ئێستا ئێمە لە رۆژهەڵاتەوە باخچە، لە رۆژئاوا قادراوا، باشوورن دەبێتە گوندی گڵێنان. خوارەوەشمان لای باکوور چۆمی قوڵەبۆز لە قوڵایی دایە و لێمان دیار نیٚ. تەپکێک بەوبەری چۆمێوە شۆنەواری کۆنە مۆڵگەیەکی داگیرکەرانی پێوە. مابا قی‌پەرێز و شێوەردی پاییزێکی درەنگوەخت. بە گەیشتنمان بۆ ئەم کۆخە وەک هوتێلی پێنج ئەستێرەمان بەدەست هێنا بیٚ دڵ خۆش و رازین."*

ڕۆژەکە زۆر سارد نەبوو. تا کاتژمێر نیزیک چواری ئێوارە لەو چارداخەدا لە پەنا یەکتر خەوتین. بەرەبەرە خۆمان ساز دەکرد تا

بەرەو گوندی قادراوا بچین. بەر لە بەڕێکەوتن، گوندەکەمان خستبووە ژێر چاوەدێری و بە دووربین لەنێو ئاوایی و دەوروبەریمان دەڕوانی. دیتمان سێ تراکتۆر بە ترێلیی پڕەوە لە گوندی باخچەوە بەرەو قادراوا دەچن. بۆمان پرسیار بوو کە ئەوانە چن. یەکێ لە کوڕەکان گوتی ئەوانە بەرخ و مەڕن کە لە چوارشەممەبازاڕی ئەمیراباد بۆیان نەفرۆشراوە و هێناویانەتەوە. ئەو قسەیە نەک ئەرخەیانی نەکردین، لەنێو خۆماندا بوو بە هۆی گاڵتە و پێکەنینیش. بەرەبەرە بۆمان ڕوون بۆوە کە جاش و پاسدارن. لەژێر چاوەدێریماندا بوون و دیتمانن کە لەنێو دێ دابەزیون و بە دەم چۆمی قوڵەبۆزدا بەرەو لای ئێمە دێن. هێندێکیان لەنێو کۆنەپایەگایەکی بەرامبەرماندا دامەزران و ئەوانیدی کە ئیدی لێمان نەدیو بوون، خەریکبوون لێمان نیزیک و نیزیکتر دەبوونەوە. شوێنەکەمان بۆ شەڕ و تێکهەڵچوون زۆر نالەبار و خراپ بوو. چەند لە هاوڕێیان بۆچوونیان وابوو مادام ئەوان ئێمەیان نەدیوە، باشترە هیندەی بۆمان کرا خۆ ئاشکرا نەکەین و تەقەیان لێ نەکەین. بەڵام وادیاربوو ئەوان کە لە شەوی

ڕابردۆوە بە دوای پێ و شوێنمانەوە بوون، هەستیان بە بوونی ئێمە لەو دەوروبەرە کردووە. بە شوێنماندا قوژبنانیش دەگەڕان. ئەگەر زیاتر دەستمان ڕاگرتبا، ڕەنگ بوو زیاتر بە چوار دەورماندا بڵاو ببنەوە و بە جۆرێک بکەوینە نێو گەمارۆی ئەوانەوە. هەر بۆیە دامانئە بەر دەسڕێژ. شەڕ لەنێوانماندا گەرم بوو. لە جەنگەی شەڕدا تەمەشام کرد ڕێگای قۆڵغەتەپە بەرەو قادراوا لەبەر هاتنی جاش و پاسدار هەر ڕەش دەچۆوە. جاش و پاسداری گوردانی خەڵیفان بوون کە بۆ بەرەکانی شەڕ دەنێردران. خالید کە قەنناسەی پێ بوو، سیرەی دەگرت و تەقەی لەو دوورانە دەکرد. پێم گوت ئەوانە دوورن، بۆ بەو نیزیکانەوەی نانێی؟! دەیکوت؛ دەمهەوێ پشتی جەبهەیان لێ لاواز بکەم!

شەڕ هەر دەهات و گەرمتر دەبوو. مەترسیی ئەوەمان هەبوو کە بەرزاییەکەی پشتمان لێ بگرن و بە تەواوی گەمارۆ بدرێین. بۆیەش دەبوو پێشوەخت ئەو قوتەیە بگرین. ئەرکێکی سەخت و ئەستەم بوو. شوێنەکەمان زۆر ڕووتەن بوو. ڕێژنەی گوللە وەک

باران بەسەرماندا دەباری. چارداخ و دیوارەکانی تەنیا لەمپەر بوو بۆ ئەوەی فیشەک نەمانگرێتەوە. چوونەدەرمان بە هەر لایەکدا، خۆ خستنە بەر فیشەکی دوژمن بوو. چەند کەس ئامادەیی خۆیان دەربڕی و بەرپرسەکانیش کەسیان دەستنیشان کرد کە ئەو ئەرکە بە ئەستۆ بگرن. لەبیرمە هاوڕێیەک کە بۆ ئەو ئەرکە دەستنیشان کرابوو، دەیگوت؛ خۆ ئەمن حازرم بچم بەڵام دڵنیام بریندار دەبم و دوایی لێتان دەبم بە بەڵا! سەرەنجام ئەحمەدەسوور، کەماڵ فیشاڵی و کەماڵ فەرۆخی ئامادە بوون تا خۆیان بگەیەننە لوتکەکەی پشت سەرمان. لێمان جودا بوونەوە و چەند هەنگاو ڕۆیشتن. ڕێژنەی فیشەک ئەمانی نەدان. ناچار لە ناو ئاودرەکەی تەنیشتماندا خۆیان مەڵاس دا. چەند دەقیقە دواتر ئەحمەد توانی دەرفەت پەیدا بکا و بەرەو لوتکەکە بەو خێرایی و هەڵاتنەی کە هەر تایبەت بە خۆی بوو، دەرباز بوو. بەوە ئەرخەیان بووین کە شەڕەکەمان بردۆتەوە. ماوەیەک دواتر کەماڵ فیشاڵیش دەرباز بوو بەڵام کەماڵ فەرۆخی لەبەر ڕێژنەی فیشەک دەرنەدەچوو. ئەحمەد لەسەرەوە بە بێسیم ئاگاداری کردینەوە کە بیکەیسیەکی

پاسدارەکان ناهێڵێ کەماڵ دەرباز بێ و ئەگەر بتوانن بێدەنگی بکەن. کاک جەلال کە بە بێسیم لەگەڵ ئەحمەد لە پێوەندیدا بوو، خەریک بوو شوێنی بیکەیسیی پاسدارەکانی بۆ قەنناسەکەی خۆمان دەستنیشان دەکرد. بەڵام ئێمە لەو بەرە بووین کە خۆری ئێوارە لێی دابوو و پاسدارەکان کەوتبوونە لای سێبەرەوە. لەبەر ئەوە شوێنی ئێمە باشتر دەبیندرا و دەپێکرا. لەپڕ گاڵ و بوغرٍ پەیدا بوو کە کاک جەلال پێکرا. من لەو کاتەدا بۆ بەری دیکەی چادراغەکە گوێستبوومەوە و چاوەدێریی بەری ئاودرەکەم پێ ئەسپێردرابوو. جەندەکی چەند جاش و پاسدار لە خوارەوە لەژێر تەقەی ئێمەدا خۆیان مەڵاس دابوو یان کوژرابوون. بە خەبەری برینداربوونی کاک جەلال زۆر نیگەران بووم. ئەو هەم ڕەفیقی نیزیکم بوو و هەمیش بەرپرسی گشتیی تیمەکەمان. بە پەلە خۆم گەیاندە لای. فیشەکێک زۆر بە خراپی لە ڕوومەتی کەوتبوو و لە گەروویەوە هاتبووە دەر. چۆڕاوگەی خوێن بە لاملیدا دەچۆڕا و سینگ و بەرۆکی شەڵاڵ کردبوو. بەداخبووم کە لەو کاتەدا هیچم بۆی لە دەست نەدەهات. کارۆ لەلای بوو و خەریک بوو دەرمانی

دەکرد. بە قسەکانیڕا دیاربوو کە بە خۆشیەوە برینەکەی زۆر جێی مەترسی نییە.

لەنێو پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوادا باو بوو کە ئەگەر باوەڕمان بە قسەی کەسێک نەکردبا و پێمان وا با درۆ دەکا، ڕاستەوخۆ کابرامان نەدەشکاندەوە و تەنیا هاوڕێکانمان ئاگادار دەکردەوە کە "تێیکە مەولوودە". واتە درۆ دەکا. یان دەمانگوت؛ "وەستا حەسەن دیواری دانا". ئیدی بۆخۆمان لێک تێدەگەیشتین و کابرای غەریبەش قسەی خۆی درێژە دەدا. خولْقانی هەر کام لەوانە بەسەرهاتی خۆیان هەبوو کە لە حەوسەلەی ئەم بابەتەدا نییە. ئەحمەد کە لەسەر گردەکەڕا بە بێسیم لەگەڵمان لەپێوەندیدا بوو، بۆ ئەوەی ئەگەر دوژمن بێسیمەکەمانیان کۆنترۆڵ کرد، هەست بە مەترسیی زیاتر بکا، داوامان لێ کرد لەگەڵ "مەولوود" و "وەستا حەسەن" لەلای خوارەوەڕا هێرش بکەنە سەر دوژمن! بەڵام ئەحمەد کە لەمێژ نەبوو هاتبووە هێزی پێشەوا و زۆریش تێکەڵ نەدەبوو، لێمان تێنەدەگەیشت. هەر

جارەی بیانوویەکی دەهێناوە کە شوێنەکەم هەو نییە، چۆناوچۆن ئەو کارە بکەم و... ئێمەش دەمانگوت؛ ڕاوەستە تا مەولوود و وەستاحەسەن دەگەنە لات و لەگەڵ ئەوان هێرش دەست پێ بکەن.. ئاخری نازانم چۆنمان ئەحمەد حاڵی کرد و کەسایەتیی مەولوود و وەستاحەسەنمان چۆن وەبیر هێنایەوە.

لە گەرمەی شەڕدا، چاوەڕوان بووین چارداخەکەمان بەر ڕەهێڵەی ئارپیجیی دوژمن بکەوێ. خۆمان بۆ دۆخی خراپتر ئامادە کردبوو بەڵام هیچ خەبەر نەبوو. دواتر خەڵکی ئاوایی، ئەوانەی پاسدارەکان بە تۆبزی سندووقی فیشەک و تەقەمەنییان پێ بردبوونە نێو کۆنەپایەگاکە، بۆیان گێڕاینەوە کە جاش و پاسدارەکان چەندجار حەولیان دا بەڵام ئارپیجی هاژەکی دەرنەکرد و هەموو جارێ چرووکی دەکرد. دەیانگوت جاش و پاسدار لە دین دەهری ببوون و ئارپیجی هەر دەرینەکرد. خەڵک پێیان وابوو مەلایکەت و دەستی غەیبمان لەگەڵە، بۆخۆمان ناومان نابوو شانس.

بەرەبەرە بوولێڵی ئێوارە دادەهات. ئیدی دەنگی تەقە کەمتر دەبیسترا و مەترسی لەسەرمان کەم و کەمتر دەبۆوە. لەگەڵ تاریکبوونی هەوا، بە خێرایی کۆخەکەمان بەجێ هێشت و بەرەو ئەو قوتەیەی ئەحمەد و کەماڵ لێی جێگیر ببوون، ڕۆیشتین. ئەوانمان گرتەوە و بەرەو گوندی شاگێلدی وەڕێکەوتین. لەگەڵ کادری دەرمانی و کاک جەلال کە بریندار بوو، بە هەڵکەوت میوانی ئاشنایەکم بووین. پێش ئەوەی ببمە پێشمەرگە، یەکترمان ناسیبوو. دیدار نوێکردنەوە و هەڵکەوتێکی خۆش بوو. ڕێز و پێڕاگەیشتنی خانەخوێ و سەرجەم ئەندامانی ئەو بنەماڵە بەڕێزە، هەموو ماندوویی ئەو ڕۆژەی لەبیر بردمەوە. لەوێ کاک جەلال تیمار کرا و بڕێکیشمان کەرەسەی پزیشکی پەیدا کرد. زۆر نەماینەوە. دەبوو هەم بریندارەکە بگەیەنینە شوێنێکی ئارام و هەم خۆمان سازمان بدەینەوە و فیشەکدانەکانمان پڕ بکەینەوە. گوێدرێژێکمان بۆ سواربوونی کاک جەلال وەرگرت و گوندی شاگێلدی و خانەخوێ ئازیزەکەمان بەرەو ناوچە شاخاوییەکان بەجێ هێشت. بە ڕێگایەکی نیزیک لە شوێنی شەوی ڕابردوودا

گەڕاینەوە. لە ڕێگا، دوو کەسمان بۆ قالوێ شێخان نارد و ئەوان دوو تراکتۆریان هێنا. تراکتۆرەکان لەسەر ڕێگای ئاغوەتمان گەیشتنە لامان. هێشتا سەر نەکەوتبووین کە چرای سێ ماشێن وەدەرکەوتن. لە پەنا تراکتۆران خۆمان مات کرد تا ماشێنەکان گەیشتن و ڕامانگرتن. قاچاخچی سیگاران بوون. سەرەتا خۆمان لێکردنە پاسدار و بە فارسی کێویلکە ئیستمان دان و تێیان ڕاخوڕین. بەڵام ئەوان زۆر زوو زانیان کە پێشمەرگەین و ئیتر خۆمان لێ ئاشکرا کردن. قاچاخچیەکان بوونی ئێمە لە ناوچەیان پێ خۆش بوو. کەسب و کاریان کرابۆوە. جاش و پاسدار و نیرووی ئینتیزامی لە ترسی پێشمەرگە یان بە دوای پێشمەرگەدا، ئیدی وەک جاران ڕێگایان پێ نەدەگرتن و ڕووتیان نەدەکردن. بە ڕووی خۆشەوە قەبووڵیان کرد کە تا کوێمان بوێ، بمانبەن. بە سپاسەوە کەر بە تراکتۆر و تراکتۆریشمان بە جیپ گۆڕیەوە و تا بناری مەیدانچۆغەیان بردین. سەرەنجام ڕوومان لە گوندی گەنمان کرد. گەنمان بە بناری مەیدانچۆغەوە لە سنووری لێڕەوار هەڵکەوتووە. تا ئەو دەم گوندێکی سەخت و ئاستەم بوو. پاتۆقی

هێزەکانی پێشەوا (مەهاباد)، بەیان (بۆکان)، زمزیران (ڕەبەت) و تەنانەت جاری وابوو هی ئاربەبا (بانە) و دووی ڕێبەندان(سەقز)یش بوو. هێشتا تاریک بوو کە گەیشتینە قەراغ ئاوایی. لەلایەن دەستەیەک چەکدارەوە دەنگ دراین و "کێی کوڕە! کێی کوڕە!" پەیدا بوو. بە خۆشیەوە ئەوان دەنگی ئەحمەدیان ناسییەوە. تیمێک پێشمەرگەی ناوچەی ڕەبەت بوون کە پێش ئێمە گەیشتبوونە ئەو گوندە و پێک شاد بووین. ئەحمەد ماوەیەکی زۆر پێشمەرگە و یەک لە فەرماندەکانی هێزی زمزیران بوو.

***

برینی کاک جەلال تیمار کرابوو و لە خەم ڕەخسابوو بەڵام بۆ ئەوەی چڵک نەکا و سارێژ بێتەوە، کات و پێڕاگەیشتنی زۆری دەویست. فیشەک چەند خلێنەی شکاندبوو، زمانی گرتبوو و گەرووشی بڕیبوو. پێویستی بە جەڕاحی و عەمەلیات هەبوو. دەبوو لەژێر چاوەدێریی پزیشکدا بێ. مانەوەی بەو حاڵە هەم بۆ خۆی سەخت بوو و هەمیش بەسەر شانی ئێمەوە بارێکی قورس بوو. لەو شاخ و کێوە، بەبێ دەرمان و ئیمکان، نەماندەتوانی پێی ڕابگەین. جگە لە ئاوەکی، ئەویش بە قامیش، هیچی بۆ نەدەخورا. لەبیرمە شیر و هەنگوینمان بۆ دەگرتەوە و بە قامیش و بە زەحمەت دەیخواردەوە. قامیشیش شیلانگی سیرۆم بوو. جگە لە ئەحمەد، کەسمان ئەوەندە شارەزا نەبووین کە ئاودیوی سنووری بکەین. نەشماندەویست لەبەر ئەو، ئاوا زوو بگەڕێینەوە و گەڕانەکەمان نیوەچڵ بکەین. داوامان لە تیمەکەی هێزی زمزیران کرد لەو بارەوە یارمەتیمان بدەن بەڵام ئەوانیش نەیانتوانی یان نەیانکرد. بڕیار درا لە سنوور نیزیکی بکەینەوە و بە هۆی ئەندامانی نهێنیی حیزب ڕەوانەی باشووری کوردستانی بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش

نیوەشەوێک لەگەڵ ئەحمەد و کارۆ تا ئاوایی دارساوێنمان برد کە لەسەر جادەی سەردەشت–بانە هەڵکەوتووە. دەمانویست لەوێ بە یەک–دوو ئەندامی نهێنیی حیزبی‌دا کە ئەحمەد دەیناسین، بەڕێی بکەین. لە ماڵێک میوان بووین و ئەحمەد کەسێکی راسپارد تا سەر و سۆراغی رێگا و شوێنی دەربازکردنی کاک جەلالمان لە سنوور بۆ پەیدا بکا. ڕۆژ هەر لەو ماڵە بە نهێنی ماینەوە. کە نان و چایان دانا، خانەخوێمان حاڵی کرد کە کاک جەلال جگە لە ئاوەکی هیچی پێ ناخورێ. شەربەتی ئاڵوباڵوویان بۆ هێنا. هەرچی کردی نەیتوانی بیخواتەوە و قامیشیش دەست نەدەکەوت. ناچار نێوکی خودکارێکمان بۆ دەرهێنا و بۆمان کرد بە قامیش. ئێوارە ناسیاوەکەی ئەحمەد هاتەوە و ئاگاداری کردین کە سنوور زۆر بە چڕی میلیتاریزە و مینڕێژ کراوە و بە هیچ جۆر دەرفەتی دەرباز بوون نییە. شەو بەناچار بەرەو ئاوایی گەنمان گەڕاینەوە. سەرەنجام بڕیار درا کە کاک جەلال ڕەوانەی دەوروبەری شاری مەهاباد بکەین تا لەوێ لای خەڵکانی جێ متمانەی خۆی و حیزب برینی سارێژ بکاتەوە.

ئێوارە، ئەحمەد بۆ کارێکی تایبەتیی خۆی ڕۆیشت و قەرار درا زوو بێتەوە و بەڕێ بکەوین. کاک جەلال، کارۆ و من، سێ بە سێ لە ماڵێکی گوندی گەنمان دانیشتبووین و چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەحمەد بووین. لە چاوەڕوانیی ئەودا هیچمان نەخەوتین. بەڵام زۆری پێچوو. کاتێک کە هاتەوە، بوولێڵی بەیانی بوو. کاک جەلالمان سواری ئێسترێک کرد و لە گەنمان وەدەرکەوتین. بە داوێنی کەپری‌دا، بە دەراوی مووسێ بەرەو برایمخەسار، بە تەنیشت ئەو گۆڕستانەدا ڕۆیشتین کە ساڵی ڕابردوو هاوڕێیەکی خۆشەویستمان لێ ناشت؛ شەهید سەلاح ڕەزایی.

سەرەتای ئاشنایی من و سەلاح، سەرەتای پێشمەرگایەتیمان بوو. هەردووکمان تازە هاتبووین و کاک عەبدوڵڵای شەریفی نەیدەویست بۆ فێرگەی حیزب بچین. دەیگوت دوای دەورە ناتاندەنەوە بە کۆمیتەی مەهاباد. لەبیرمە لەبری فێرگە، ئێوارەیەک شەهید جەوادی مووسەوی هەردووکمانی بۆ شوێنێکی چۆڵ لە بناری قەندیل بانگ کرد و بڕێک دەرسی چەکوچۆڵی

پێگوتین. نیشانەشی بۆ داکردین و چەند فیشەکمان هاویشت. ئیتر ئەوە هەموو دەورەی پێشمەرگایەتییەکەمان بوو. دوای ئەوە، سەلاح بۆ ئێنزێ گوێسترایەوە و بە شێوەی کاتی کرا بە مامۆستای قوتابیانی بنەماڵەکانی حیزب. چەند مانگ دواتر کە بنکەکانمان بۆ دەشتی کۆیە گواسترانەوە، سەلاحیش بۆ کۆمیتەی مەهاباد گەڕایەوە. هاوینی ساڵی ١٣٧٢ هەردووکمان وەک پێشمەرگە لە ناوچە بووین. لە ڕێکخستنی لکەکەدا، سەلاح بیکەیسی پێ بوو و بە یەکەوە هاوتێشوو بووین. دوای گەڕانەوەمان لە پاییزی هەمان ساڵ، دەورەیەک بۆ ڕاهێنانی مامۆستایەتی لە بنکەی ناوەندیی حیزب کرایەوە. کاک عەبدوڵڵای شەریفی هەردووکمانی بۆ بەشداری لەو دەورەیە دەستنیشان کرد. ڕۆژانە من و سەلاح و هاجەر کە بنەماڵەی پێشمەرگە بوو و تازە لە مەهاباد هاتبوونەدەر، سەردانی بنکەی ناوەندیی حیزبمان دەکرد و لە دەورەدا بەشدار دەبووین. دوای گەڕانەوە، هەردووکمان دەستمان بە کاری مامۆستایی کرد. ئەو دەرسی بە منداڵانی بنەماڵەکانی کەمپی کۆمیتەکانی مەهاباد و بۆکان دەگوتەوە و من، پێشمەرگە

نەخوێندەوار یان کەمخوێندەوارەکانم فێری خوێندن و نووسین دەکرد. بۆ زستانێ، ئەو ناردرایە دەورەی پزیشکی و بوو بە کادری دەرمانی. ساڵی دواتر هەردووکمان لەگەڵ هێز گەڕاینەوە بۆ ناوچە و هەروا هاوتێشوو بووین.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٧٣ لە پشت گوندی یاغیان مابووینەوە. لەبیرمە لەوێ گوێمان لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران گرت کە ڕاپۆرتی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی بڵاو دەکردەوە. بەرەبەرە خۆمان بۆ چوونە نێو ئاوایی ئامادە دەکرد کە دەیدەبانەکان هەواڵی هێرشی چەکدارانی ڕێژیمیان پێ ڕاگەیاندین. پاسدار بەرزاییەکانیان گرتبوو و ئێمە لە دۆڵێکدا مابووینەوە. دەبوو لوتکەی کێوەکەیان لێ بستێنینەوە. زۆر زوو خۆمان ئامادە کرد و هەر دەستەیەی بە لایەکدا سەر کەوتین. نەمزانی سەلاح بۆ کوێ چوو. لەگەڵ دوو کەسی دیکە خۆمان گەیاندە گردی پشت ئاوایی یاغیان و بەرەو لوتکەی کێوەکە هەڵدەکشاین. دەستەیەک لە پێشمەرگەکان

پێش ئێمە هێرشیان بردبوو. لەو کاتەدا شتێک ڕایتڵەکاندم بەڵام نەمزانی چییە. زۆر دواتر کە سەیرم کرد فیشەکێک کۆڵەپشتیەکەمی بڕیبوو. سابوون و نان و پەنیری نێو کۆڵەپشتیەکەی لەگەڵ یەک تێکەڵ کردبوو. لەو کاتەدا دیتم پێشمەرگەیەک، تەرمێک بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێ و بۆ لای ئێمەی دێنێ. کە لێی نیزیک بوومەوە، لەشی بێ گیانی سەلاح بوو. تەرمەکەی بۆ بەجێ هێشتم و گەڕایەوە. سەلاح هەروا شۆخ و شەنگ لەسەر عەرز ڕاکێشرابوو. چاوەکانی بە مۆلەق وەستابوون. خەم و حەپەسان هەموو لەشی داگرتبووم. بۆ ئەوەی نەشەمزێ، دڵم نەهات ڕایکێشم. لە کۆڵم کرد. زۆر قورس بوو. بە زەحمەت گەیاندمە نێو ئاواییەکە. نەمدەزانی چی لێ بکەم. کاک عەبدوڵڵآ و کادرەکانی دیکەم لە دوورەوە دیت کە لەبن دیوارێک ڕاوەستابوون. تەرمی سەلاحم لە پەنا دیوارێک بەجێ هێشت و چوومە لایان. بە پەشۆکاویەوە خەبەرەکەم پێدان. دیاربوو بە بێسیم ئاگادار کرابوون. ڕایانسپاردم، چووم گوێدرێژ و گوریسێکم پەیدا کرد. شەڕ تەواو ببوو. پێشمەرگەکان بەرزاییەکانیان لە هێزی

دوژمن پاک کردبۆوه. پاسدار ئەوەی مابوو بەرەو بۆکان هەڵاتبوونەوە. تەرمی سەلاحمان لەسەر پشتی گوێدرێژەکە دابەست. گوێدرێژێکی یەکجار چەمووش بوو. لە کۆتایی ڕیزی پێشمەرگەکان، ڕێشمەکەیم ڕادەکێشا. هەموو جارێ کە دەسڵەمیەوە، زۆر بە زەحمەت دەمگرتەوە. چەندجار لە دەستم دەرچوو. ئەگەرچی بە هۆی قورسیی بارەکەی لە دەستمان قوتار نەدەبوو بەڵام هەموو جارێ بە زەحمەت دەمانگرتەوە. ناچار بووم ڕێشمەکەی لە دەستم گرێ بدەم. جاری وابوو هۆگانێک بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشام. ئەوەندەی ڕاکێشابووم کە ئانیشک و ئەژنۆم هەمووی داماڵدرابوو. سەرەنجام لە نیزیک گوندی برایمخەسار، تەرمی سەلاحمان لەنێو کەڵەکەبەردێکدا دانا و هەر لە نیزیک ئەوێش بارگەمان خست. چەند کەس لە خەڵکی ئاواییەکانی دەوروبەر بەو شەوە قەبرەکەیان بۆ ئامادە کرد. قەبرێک لە پەنا گۆڕی شەهید خدرە سوور. لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکە کە لە من بە ئەزموونتر بوون، چووین تەرمەکە هەڵگرین تا بیبەین بینێژین. شەو زرینگابۆوە و هەوا فێنک بوو. وەختێک

دەمانویست هەڵیگرین، جووڵانی ئەو خوێنەی لە ناخیدا کۆ ببۆوە، دەنگێکی وەک هەڵکێشانی ئاخ و هەناسەی لێهات. دڵم خۆش بوو و بە نیوەهاوار بە هاوڕێکانم گوت؛ ماوە! ماوە! یەکیان دەستی لەسەر شانم دانا و تێیگەیاندم کە نەماوە. هەم خەجاڵەت بوومەوە و هەمیش لە کوژانەوەی ئەو تروسکایی هومێدەی بۆم پەیدا ببوو، بە خۆمدا شکامەوە. من تا ئەوکات مردووم نەدیتبوو.

بە دەم ڕێگاوە ڕۆژێک بەر لە ڕۆژی پێش شەهیدبوونی سەلاحم وەبیر دەهاتەوە؛ کەمێک لەولاتر لەنێوان مووسێ و زاواکێودا مابووینەوە. نەسیحەتی دەکردم و ڕێنوێنی دەکردم کە ئەگەر دە شەڕ کەوتین، چ بکەم و چ نەکەم! قەتم سەلاح ئاوا بە جیدی نەدیبوو. دەفتەرێکی بچووکی بە یادگار دامێ کە ئەو شێعرەی لەسەر نووسرابوو؛

ڕۆیشـــــتی بە زیزی قەدەمت نایە دوو چـــاوم
لەو ســـــاتەوە گڕ بەربۆتە ناو جەرگ و هەناوم
وا بیـــــر مـەکەوە ڕۆیی ئەبەد نایەوە بیـــــــرم

یادت وەکــوو لاولاوە لەشتی گـــــرتۆتە ناوم
تاســاو و تەزیــوی هەدەفــی تیــری فیراقم
لێم ڕوون نییە چیمو چ دەکەم چونکە نەماوم

نازانم چ ڕازێک لە نووسین و بەجێ هێشتنی ئەو شێعرەدا هەبوو. دەتگوت شێعری ماڵاوایی بۆ نووسیوم. ئایا دڵی خەبەری دابوو کە شەهید دەبێ؟! هیچی لەو بارەوە پێ نەگوتم بەڵام لەو کاتەوە بە دەیانجار ئەو شێعرەم وەبیر هاتبۆوە و بەدەم خوێندنەوەیەوە گریابووم. دوای شەهیدبوونی، یادی ئەوم لە توێی ئەو شێعرەی خوارەوەدا کردەوە؛

# دوکتور سەلاحی پێشمەرگە



شەهید سەلاح ڕەزایی و
چیمەن کچی شەهید جەواد مووسەوی

کڵاوێکی پێشمەرگانە بەسەرەوە
جامانە بە دەوری ملدا
بیکەیسی بەسەر شانەوەو
فیشەکدانی لێ شەتەک دا
دەبڕێ سنوور بە ئازایی
هاوڕێ سەلاحی ڕەزایی

دڵێک پڕ لە هیوا و بڕوا
قولێک تراکت لە ناو مستا
کۆڵەپشتی پڕ لە دەوا
کەڵاشینکۆف لە ناو دەستا
وا هەڵکشا بەرەو لوتکەو
ڕانەوەستا
مامۆستا سەلاحی دوکتور
دوکتور سەلاحی مامۆستا

له داوێنی مەیدانچۆغە

تا هەتایە خاکی بەرگە

ڕێبازی ڕێی خەباتمانەو

گڵکۆی دەکەین بە نزرگە

مامۆستا سەلاحی دوکتور

شەهید سەلاحی پێشمەرگە

ناوچەی مەهاباد – گەلاوێژی ۱۳۷۳

***

ڕێگامان زۆر دوور بوو. لە چاوەڕوانیی هاتنەوەی ئەحمەدیش‌دا بە ڕادەی پێویست نەحەسابووینەوە و نەنووستبووین تا خۆمان بۆ ئەو ڕێپێوانە درێژە ئامادە بکەین. گەرچی ڕۆژمان لێ ببۆوە بەڵام ساڵ درەنگ و هەوا سارد بوو. کەس بەو کوێستانە سەخت و ساردانەوە نەبوو. بە درێژایی ڕۆژ بەنێو شیو و دۆڵاندا درێژەمان بە ڕێپێوانی خۆمان دا. تەنیا لە نیزیک بوونەوە لە گوندەکان خۆمان دەپاراست. ڕۆژی پاییز کورت بوون. ئێوارە زوو داهات و هەوا تاریک بوو. شەوێکی تاریک و نووتەک. بە درێژایی ئەو شەوەش هەر ڕێگامان بڕی. کاک جەلال سواری ئێسترەکە ببوو. ئەحمەد ڕێشمەکەی ڕادەکێشا. من و کارۆ، لە دواوە و هەر کاممان لەلایەک، دەڕۆیشتین. دەقیقەیەک ڕاوەستانمان نەبوو. هیندە ماندوو بووین کە دانیشتن و داهێزان و خەو لێکەوتنمان یەکسان دەبوو. جاروبار بە دەم ڕێگاوە، دەست بە پاڵووی ئێسترەکەوە وەنەوزم دەدا بەڵام زوو خۆم دەگرتەوە. کارۆش هەمان حاڵی منی

هەبوو. کاک جەلال دواتر پێی گوتم کە لە دۆڵی هاچیدەرێ هەستم کرد دەستت بە پاڵووی ئێسترەکە گرتووە و خەونوچکە دەتباتەوە. وادیاربوو کاتێ چاوم دە بیرەخەودا ڕۆچووە، هەنگاوەکانیشم ڕاوەستاون و ئێسترەکەم قورس کردووە یان کورتانەکەم ڕاکێشاوە. سەرەنجام لە دۆڵی قزڵجە، ڕۆژمان لێ وەدەرکەوت. لە ئەشکەوتی حەمەتیزە کە ئەشکەوتی قەسریانیشمان پێ دەگوت، بارگەمان لێ خست. هیندە ماندوو بووین، زۆر زوو خەو بردینیەوە. زۆر نەخەوتبووم کە بە بۆڵە و گازندەی شوانێک وەخەبەر هاتم. کاک جەلال بە خەبەر بوو. کە چاوم هەڵێنا وەک بوت، بێدەنگ لە پەنام دانیشتبوو. ڕەنگە لەبەر ژانی برینەکەی خەوی لێ نەکەوتبوو. یان نا خۆی پێ لە ئێمە حەساوەتر بوو و ئاگای لێمان بوو. قسەی بۆ نەدەکرا. بۆیەش نەیتوانیبوو شوانەکە تێبگەیەنێ و ڕازی بکا. کابرای شوان دەیگوت ئاگاتان لە خۆتان نییە و ئاوا بێ خەیاڵ نووستوون. وردە جنێویشی پێدەداین و دەیگوت ئەو دێهاتانەی دەوروبەر پڕی جاش و پاسدارە و ئێوە ئاوا بێ خەیاڵ لێی خەوتوون. وادیاربوو دواى

تێکهەڵچوونەکەی قادراوا، ناوچەکە میلیتاریزە کراوە و ئاگامان لێ نەبووە.

دەمەوئێوارە بەرەو گوندی بەسری لە نیزیک شاری مەهاباد وەڕێکەوتین. شەو لە ماڵێک نان و چامان خوارد. زۆر نەماینەوە. کاک جەلالمان بەجێهێشت و من و ئەحمەد وەدەرکەوتین. زۆر دوور نەڕۆیشتین. لە مەزرایەکی پشت گوندی کۆنەدێ ماینەوە. هەر بیرم لە کاک جەلال و چارەنووسی دەکردەوە. بەجێهێشتنی لەو دۆخەدا ڕیسک بوو بەڵام چاری دیکەمان نەبوو. جگە لەوە کە بەرپرسی گشتیی تیمەکەمان بوو، بۆ من ئازیز و خۆشەویست بوو. زۆرجار دەرهەق بە من لوتفی نواندبوو. وەبیرم هاتەوە کە هاوینی ڕابردوو کراسێکی بە دیاری بۆ هێنابووم. دیاربوو ئەندامانی حیزب بە دیاری دابوویانێ و ئەویش لە ناوچەی مەهابادرا هەڵیگرتبوو تا لە کۆیە بیدا بە من. ئێستا کە ئەو کراسەم کەوتۆتەوە بیر، بەسەرهاتێکی خۆشتری وەبیر هێنامەوە؛ دایکم سەردانی کردبووم و بەڕێم دەکردەوە، بۆ ئەوەی وای نیشان بدەم

کە دەستەنگ نیم و هەمە و لێم نیگەران نەبێ، کراسی گۆرینم دەبەر کرد. شەو لە ڕانیە سەردانی ماڵێکمان کرد کە هاوسەفەرەکەی دایکم لێیان میوان بوو. قەرار بوو سبەی بە یەکەوە بەڕێیان بکەینەوە. ماڵەکە کچێکی باریکەڵەی ڕەشئەسمەریان هەبوو. جۆری چاولێکردنی سەرنجی منی ڕاکێشا. لێی پرسیم؛ تۆ یەکێتی؟! گوتم نا، من پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتم. بۆ؟ پرسی؛ ئەی بۆ ئەو کراسە سەوزەت دەبەر کردووە؟ من کە برێکیش کوێررەنگم، تا ئەوکات سەرنجی ڕەنگی کراسەکەم نەدابوو. لە ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی لە هەڵبژاردنی پارلماندا و دواتر لە ناو پارلمانی کوردستاندا، پارتی بە ڕەنگی زەرد و یەکێتی بە ڕەنگی سەوز خۆیان پێناسە کردبوو. ئەو دووانە بەو ڕەنگانە شەڕە پەڕۆیەکی زۆر خەستیان وەڕێ خسبوو. کچەکە و بنەماڵەکەی یەکێتیەکی زۆر توند بوون. منیش لەنێوان ئەو دوانەدا یەکێتیم خۆشتر دەویست. ئەدەبیات و ڕاگەیاندنێکی زۆر بەهێزتریان هەبوو و تا پێش ئەوکاتیش لەگەڵ حیزبی دێموکرات ڕابردووی هاوکاری و دۆستایەتیی زۆر نیزیکیان هەبوو.

بەڵام  یەکێتی بەرەبەرە لە ئێران نیزیک دەبۆوە و جێگای بۆ شانازی بەو ڕابردوویە تەنگ و تەنگتر دەکردەوە. نازانم کراسەکە بیانوو بوو یان هۆکار، کچە ڕەشئەسمەرەکە کە دواتر زانیم ناوی ...، زۆر بە گەرمی لێم نیزیک بۆوە. منیش خۆشم ویست. هەر ئەو شەوە بە ئیما و ئیشارە و دەرفەتێکی بچووک بۆ بە یەکەوە قسەکردن، بنەمای خۆشەویستیمان دامەزراند. شەو کە بۆ خەوتن چوومەوە بنکەی ڕانیەی حیزب، تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت. لە خۆشیان هەر جینگڵم دا. ئەوە یەکەمجار بوو پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کچێک ببەستم. بەڵام ئەو پێوەندییە لە سەردەمێکی زۆر ناخۆشدا بەسترا. هەژاری و نەداریی خۆم، ژیانی پێشمەرگایەتیم و ئیمانم بە مانەوەی بەردەوام لەنێو خەڵکدا، تابۆی ژنهێنان و منداڵ خستنەوە لە وەها دۆخێکدا، کێشە و ململانێی نێوخۆیی لە باشوور و تیرۆری ڕۆژانەی هاوڕێیانی ئێمە لە شارەکانی باشووری کوردستان، جیاوازیی کەلتووری، سیستمی زاڵی عەشیرەیی و نێرسالاری لە باشووری کوردستان و.. هیچ دەراوێکی ڕوونیان بۆ ئەو خۆشەویستییە نەهێشتبۆوە. بەوحاڵەش چەند جارێک بە

تایبەتی بەڵام بە ترسەوە سەردانی شاری ڕانیەم کرد و هەموو جارێ چاوم پێی دەکەوتەوە. ئەو هەمیشە چاوەڕوان و هەر کات هەستی بە بوونم لەو شارەدا کردبا، ڕێگایەکی بۆ کورتەدیدارێک دەکردەوە. دەرفەتی دیداریش قەت لە چاک و خۆشییەکی بە ترسەوە و خۆ بەقوربانکردن و نامەگۆڕینەوەیەک زیاتر نەبوو. ئاخرجار کە چووم بیبینم، ساڵێک دوای ئەو جەولەیە بوو. پارتی بە هاوکاریی تانکەکانی حکوومەتی عێراق، شاری هەولێر و شارەکانی دیکەی باشووری لە یەکێتی ئەستاندبوو. یەکێتیەکان ئاودیوی ئێران ببوون. لەو ململانێیەدا یەکێتی زیاتر پاڵی بە ئێرانەوە دابوو و پارتیش پشتی بە تورکیە و عێراق بەستبوو. بۆیەش ئێران کەمتر دزەی کردبووە نێو ناوچەکانی ژێر دەستی پارتی و لەوێ کەمترمان لێ تیرۆر دەکران. هەلەکەم قۆستەوە و سەردانی ڕانیەم کرد بەڵام وادیاربوو ئەوانیش لەگەڵ یەکێتیەکان ئاودیوی ئێران ببوون و وەک دەڵێن؛ بەسەر هەواری خاڵیدا کەوتم! لە گەڕانەوەدا کوڵوکۆی دەروونی خۆم بەو شێعرەی خوارەوە ڕشت و ئیتر هیچکات نەمدیتەوە؛

# کۆچ

پێم نەوتی؛ دەستت بخەرە ناو دەستم؟!

شەو تاریکە با هەڵنەبڕێی

تەوەللابوونت گرانە

زامی دووریت بێ دەرمانە.

نەموت تۆ لەگەڵیان مەڕۆ؟!

ئەوانە گشت هاوڕێی ڕۆژ و جەردەی شەون

هەڵاتووی دەستی ڕۆژگارن

بۆ تاریکی ڕێ دەکەون.

گوڵم ئێستاش درەنگ نییە

مەڕۆ و باڵات بە باڵای شوومی وان مەبڕە

نەکا ڕۆژێ بە قاچاخی دەتبینمەوە

شلکە نەمامی باڵاکەت

کەوتبێتە ژێر چارشێوی ڕەشی خاوەناڵ

له تیشكی چاوی سەرشێتم بێ بەریت كەن
دەستەونزا ڕابوەستم
تاكو چارشێو لەسەر باڵای تۆش ڕامالێ شنەی شەماڵ

مەڕۆ..مەڕۆ
دەستت بخەرە ناو دەستم
شەو تاریكە با هەڵنەبڕێ
تەوەللا بوونت گرانە
زامی دووریت بێ دەرمانە
لەگەڵ ئەوان
بۆ كوێ بچی و لەهەر كوێ بی
هەمان ڕەنگ و هەمان شكڵە
ئەم ئاسمانە
فێرگەی حیزب – ١٣٧٥/٧/٢٩

****

ئێوارە من و ئەحمەد دوو بە دوو، بە ئێسترێکی زلەوە، چووینە ناو گوندی کۆنەدێ. ئەحمەد لە پێشەوە و من بە سواری ئێسترەکە دەڕۆیشتین. منداڵەورکەی ئەو دۆڵەمان تێهاڵابوو. ئێسترەکە زۆر زل بوو. منداڵێک بە سەرسووڕمانەوە گوتی ئەوە چیە؟! بە شۆخی گوتم گامێشە! دەیکوت ئەی کوا شاخی!

لە کۆنەدێ سەردانی ماڵی نەمر عەوڵای قازیمان کرد بەڵام زۆر گیر نەبووین. چایەکمان خواردەوە و لەوێوە چووینە گوندی وزندەرێ. وزندەرێ لەچاو گوندەکانی دەوروبەر، گوندێکی گەورەیە. ساڵەکانی پێشتر، لەگەڵ هێزی پێشەوا زیاتر لە جارێک سەردانی ئەوێم کردبوو بەڵام هاوینی ڕابردوو نەچووبووین. جگە لە ئاغای گوند کە پێموابێ ناوی جەعفەر بوو، خەڵکەکە تامەزرۆی دیداری پێشمەرگە بوون. لە هەر ماڵێک وەژوور کەوتباین، بە گەرمی پێشوازییان لێدەکردین. لەگەڵ ئەحمەد بە

یەکەوە ماڵەکانمان یەکیەک بەسەر دەکردەوە، قسەمان بۆ خەڵک دەکرد و یارمەتیشمان بۆ حیزب وەردەگرت. لەسەردانمان بۆ هەر گوندێک، خەڵک پێیان خۆش بوو سەردانی هەموو ماڵەکان بکەین و هیچ ماڵێک نەبوێرین. دەیانگوت ئاوا ڕیزی ئێمە بە پتەوی دەمێنێتەوە و پاسدار ناتوانن دەستەیەکمان تاوانبار بکەن و دەستەیەک بێ تاوان نیشان بدەن. داوا و دڵفرەوانیی خەڵکەکە تەماحی وەبەر نابن کە بۆ ئەوەی بتوانین سەردانی هەموو ماڵەکان بکەین، لێک جیا بینەوە. وەک دەڵێن؛ چوێلەکە خۆت چی و شۆرباوت چی بێ؟! ئێمە کە تەنیا دوو کەس بووین، بەسەر دوو بەشیشدا دابەش بووین. جۆگەلەیەک گوندەکەی بە دووبەش دابەش دەکرد. من بەری لای پایەگام هەڵگرت. پایەگا لەسەر قوتەیەکی قەراغ ئاوایی، بەسەر دێیەکەیدا دەڕوانی. چەند ماڵێکم بەسەر کردبۆوە و ڕێگام دە کۆڵانی سەر ڕێگای پایەگا کەوتبوو کە دیتم شۆقی چرای ماشێنێک بەرەو لای من هەڵدەگەڕێ. بڕێک خۆم پەنا دا تا ماشێن بە تەنیشتمدا تێپەڕی. لە پشتەوەڕا کە تەمەشام کرد تویوتای پاسداران بوو.

مەنجەڵێکی گەورەی لەسەر دابەسترابوو. وادیاربوو خواردنی ئێوارە بۆ پایەگا دەبا.

نیوەشەو لە وزندەرێ وەدەرکەوتین و لە بەردەبرووسکە ڕۆژمان تێپەڕاند. ئێوارە لە نیزیک گوندی خڕەجۆ لەگەڵ هاوڕێکانی دیکە یەکترمان گرتەوە. لەوێ ئێسترەکەمان بۆ خاوەنەکەی بەڕێ کردەوە. بۆ نانی ئێوارە زۆربەی پێشمەرگەکان لە گوندی خڕەجۆ مانەوە. بەڵام ئەحمەدەسوور، مەحموود کوورانی و من وەک تیمێکی سێ کەسی بەرەو ئاوایی قۆزلووجە وەڕێکەوتین. قۆزلووجە و خڕەجۆ هەردوو لە دۆڵێکدا و لە درێژەی یەکتردا هەڵکەوتوون. مەدوای نێوانیان زۆر نییە. بەپێی ڕەواڵ یەکیان چووباین ئەویدیکەمان نەدەبوارد. لە قۆزلووجە سەردانی چەند ماڵمان کرد. ئەحمەد گوتی بۆ شام دەچینە ماڵی برایماغا کە بە ئاغاسوورە دەناسرا. دڵنیا نیم کە دەعوەت کرابووین یان خۆمان دەعوەت کردبوو. ئاغا بڕێک ناوبانگی بە خراپ ڕۆیشتبوو. گۆیا لەگەڵ ئیتلاعات و سپا کەین و بەینێکی هەیە. ئەحمەد پێیوابوو ئەگەر

شام لە ماڵە ئەو بین، ئەوە سبەی ناتوانێ بۆ خەڵکی دیکەی تێبچێنێ و ئیتلاعات خەڵکەکەی دیکە ئازار نادا. بوونیشمان لە ماڵە ئەو، وای لێ دەکا نەتوانێ جموجۆڵێکمان لە دژ بکا. بنەماڵەی ئاغا ئێمەیان بۆ وەتاغێکی بڵیند ڕێنوێنی کرد. کە چووینە ژوور، دیتمان هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی کرابوونەوە. مانگی سەرماوەز و هەوا سارد بوو. بایەکی توندی دەهات و پەردەی پەنجەرەکانی لەگەڵ خۆی ڕادەوەشاند. بەو وەرزی سەرمایە و بەو باکوتە، ئەو پەنجەرەکردنەوەیە لەو وەتاغە بڵیندەدا بڕێک بە لامانەوە سەیر و نائاسایی بوو. کە پرسیارمان کرد، بیانوویەکیان هێنایەوە. ڕەنگە دەرمانکردنی ژوورەکە لەبەر کێچ یان شتێکی ئاوابوو کە بە درووستی لەبیرم نییە. زۆریش بۆمان گرینگ نەبوو. ئێمە کە زۆر گەڕابووین و ڕەخت و فیشەکدانیشمان بە قەدەوە بوو، هەستمان بە سەرما نەدەکرد. بە دابی کوردەواری چایەکمان خواردەوە و پاشان لەسەر مەجوعمەیەک شێویان هێنا. پڵاو و خۆرشتی تەڕەکەباب بوو. ڕانە مریشک بەسەر خۆرشتەکەوە دیاربوو. هێشتا دەستمان بۆ خواردن نەبردبوو کە ئاغا بە دەنگێکی زل

هەرای لە کابانەکانی ماڵ کرد؛ "ئەوە بۆ کەڵەبابە گەورەکەتان بۆ نەکوشتوونەتەوە؟!" چۆنی زانی ئەوە گۆشتی مریشکە و کەڵەباب نییە، نازانم بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی قسەکەی ئاغا، تەقەش دەستی پێ کرد. فریای نانخواردن نەکەوتین. زۆر بە خێرایی خۆمان کۆ کردەوە. ئەمن کە هەم زۆرم برسی بوو و هەمیش بڕێک نەوسن، ڕانە مریشکێکم دەست دایە و لەسەر پلیکانەکانەوە خۆم فڕێ دا. کەوتمە سەر مەڵۆ گیایەک و جێم نەرمان بوو. چم لێ نەهات. ئەحمەد و مەحموود بە لایەکی دیکەدا دەرباز بوون. وەختێک لە دەرەوەی ئاوایی یەکمان گرتەوە، لاق و لەتەریان تەواو تەڕ ببوو. وەک دەیانگێڕاوە زۆر بە خراپی دە ئاوەڕۆ و پیسایی نێو دێ کەوتبوون. مەحموود بۆ خۆی ڕووداوەکەی ئاوا گێڕاوەتەوە:

*"ساڵی ١٣٧٤ زیاتر لە شەش مانگ لەگەڵ هاورێ و هاوسەنگەرەکانم کە هەموویان لە خۆم بە حەقدارترو بەوەفاتر دەزانم لە ناوچە بووین. دوای گەرانەوەی هێز بەگشتی بۆ بنکە سابیتەکان، لە مانگی خەزەڵوەر تیمێکی بچووک لە هێزی پێشەوا*

گەرانینەوە بۆ ناوچە پڕ لە پیتو بەرەکەتەکەی مەهاباد لانکەی سەرهەڵدان و بەرخۆدان. شەوێک لە خرەجۆ هەڵکەوتوو لە نیزیک جادەی مەهاباد - سەردەشت بۆ مەئموریەتێکی حیزبی چووین بۆ گوندی قۆزلوچە. دوای تەواوکرد نی کاروباری حیزبی، دەعوە تی کەسێک بووین بۆ شام کە ئەوکات بەداخەوە لەلایان حیزبی دێمۆکرا تی کوردستا نی ئێران ڕێبەرا یەتی شۆرشگێر وەک ئەندامی ئەو حیزبە ناسێندرابوو. لە هەمان کاتیشدا لەلایەن حیزبی دێمۆکرا تیکوردستا نیئێران گوما نیخەراپی لەسەر بوو. من حەول دەدەم شتەکان وەک خۆی بگێرمەوە. ئەو تیمە پێکهاتبوو لە سێ کەس؛ شەهید ئەحمەد زاوا کێوی، مەحموود کوورا نی و کاک تاهیری قاسمی کە بەخۆشییەوە کاک تاهیر لە ژیاندا ماوە. کارمان تەواو بوو. ڕۆیشتین بۆ ئەو ماڵە کە دەعوە تیکردبووین. دانیشتین چایەکمان خوارد و سیحەب ماڵ کو تی نان بێنن. لەو مەنتەقانە شتێک هەبوو کە پێیان دەکوت کەشەف یا مەجوحمە. گەورە بوو. دەتتوا نی خواردن بەشی سێ یا چوارکەسی لەسەر دابنێی. خواردن هات. کە هاتە پێشمان مریشک بوو بە ترش و لەپە.

ناوێکی تایبەتی هەیە بەس بەداخەوە لەبیرم نەماوە. لێرەدا بەپێویستی دەزانم ناوی سیحەب ماڵەکە بێنم کە بە ئاغا سورە ناسرابوو. دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکە هەموو کراوە بوون. روبەرووبی ئەو ماڵە پایەگایەکی چۆلی لێ بوو. سیحەب ماڵ بەدەنگێکی زۆر بەرز هاواری ئاشپەزەکانی کرد کوتی ئەوە بۆ کەڵەبابە گەورەکەتان بۆ نەکوشتوونەوە؟! ئیتر دوای هاوارکردنی کاک ئاغاسوورەی سیحەب ماڵ، دەوروبەری ئەو ماڵە درا بەر دەسترێژ و بوو بە تەقە. ئەحمەد زاواکێوی بەر لەو دووکەسەی تر چووە دەرێ. بەدوای ئەودا من رۆیشتم. کە بامان داوە بەدەستی راستی ماڵی ئاغاسوورە، تاریک بوو. نەماندەزانی کە ئەو خرە بە تەنیشتی ماڵی ئەواندا دەهاتە خوارەوە. زۆر قووڵ بوو. کاک ئەحمەد لەپێش من بوو. نەیزانی کە ئەو خرە ئاوا قووڵە. خۆی پێدا کرد. پاشان هاواری منی کرد کوتی مەیە ئێرە زۆر قووڵە. منیش لام وابوو کاری باشتر لەهی ئەو دەکەم، کەمێک چوومە سەرتر. ئەوکات تفەنگەکەم حەفتاوپێنجی لەسەر بوو. کە بەرەو ئەحمەد رۆیشتم، کەوتمە ناو قووڵایی خرەکە. ئیتر بوو بە خرم و

*هۆری حەفتاو پێبجی و بەربوونەوەی من. لە کەمەرڕا بۆخوارەوە بەتەواوی گیانم پیس ببوو. نەمزانیچی رووی دا. تەنیا دەمزانی کە تەڕ بووم. کە گەراینەوە بۆ خرەجۆ، ئەکاوت زانیمان چیمان لێ بەسەر هاتووە. عەیب نەبێ هەموو گیانمان پیس ببوو. لێرە بەو لاوە قەزاوەت بۆ خۆتان؛ ئایا ئاغاسوورە باش بوو یا ...؟"*

***

هەوا هەروا بەرەو ساردتر دەچوو. سەرەڕای ئەوە کە دوو هاوڕێمان لێ جودا ببوونەوە، تیمەکەمان هێشتا قورس بوو. حەوانەوەمان لە گوندەکاندا ئاسان نەبوو. بۆ ئەوە نەدەبوو هەر سێزدە کەسمان بە ڕۆژ لە ماڵێکدا بمێنینەوە. مانەوە و ئاشکرا نەبوونیشمان لە دوو یان چەند ماڵی ئاوایيەکدا بڕێک ئاستەم بوو. بۆیە بڕیار درا ببین بە دوو تیم و هەر تیمەی لە ناوچەیەکدا تێکۆشانی خۆی درێژە پێ بدا. تیمی ئێمە بریتی لە ئەحمەدەسوور، ئەسعەد شاماتی، کەماڵ فەڕوخی، کەماڵ فیشاڵی، شێر و من بووین. تیمەکەی دیکەش لە مەحموود کوورانی، کەریم دێموکرات، ڕەحمەت حەسەنپوور، خالید زیرەک و ڕەحمان بەرەجۆیی پێکهاتبوو کە کەریمە سوور بەرپرسی سیاسی و سولەیمان کەوتەری بەرپرسی نیزامیی ئەو تیمە بوون. ئێوارەیەکی درەنگ لە حوسێنابات لێک هەڵبڕاین. ئەوان بەرەو ناوچەی گەورکایەتی ڕۆیشتن و ئێمەش بەرەو کانێڕەش و سەدراباد داگەڕاین. لە شەڕەفکەندەوە بە ماشێنێک بەرەو مەهاباد وەڕێکەوتین. شۆفیرەکەمان پیاوێکی زۆر قسە خۆش بوو. هیندە

به دڵئاواڵەیی سواری کردین و وەهامان لەگەڵ ڕاهات، دەتگوت لەگەڵمان پێشمەرگەیە. شەوەی سارد و بەفر دەباری. دەیگوت ئێ وا هەیە ئێستا لە پەنا سۆبەی مزگەوتێ یان لە بن کورسیی ماڵێ دانیشتووە و جار و بار سەر بە پەنجەرەدا دەکا و بە دیتنی ئەو بەفر و باکوتە، دەڵێ؛ وەی لەو سارد و سەرمایە! ئەمشەو شەوی کوڕەکانە! پێیوایە کوڕەکان ورچ و بەرازن یان دێو و درنجن و سەرما کاریان لێ ناکا!

لە ڕێگادا باسی چۆنیەتی گەیشتن بە شوێنی مەبەست و مەترسیەکانی سەر ڕێگامان دەکرد و ئەویش لە نۆرەی خۆیدا و وێڕای ئێمە، نەخشەی دەکێشا و ڕێگای پێشنیار دەکرد. هاوڕێیەکمان پرسیاری کرد؛ ئەگەر جادەی قەرەبڵاغ گیرابێ و پرسگەی لێ بێ، چ بکەین باشە؟ هەر کەسە پێشنیارێکی دا. شۆفیرەکە لە نۆرەی خۆیدا گوتی ڕێگاکەمان دەگۆڕین و بە فڵانە جێدا دەڕۆین. ئەحمەد کە بۆخۆی لە پێشەوە دانیشتبوو، باسەکەی بڕیەوە و داوای لە شۆفیرەکە کرد ئەگەر لە ڕێگادا

پرسگە هەبوو، ڕایگرێ و چاوەڕوان بێ تا ئەحمەد بۆخۆی جامی ماشێنەکە دادەداتەوە و پاسدارەکە سەر دە ژووری ماشێنەکە دەنێ، ئەوکات ئەوکە لوولەی چەکەکەی لە خوارەوەڕا بەرەو سەر ڕاگرتووە، فیشەکێکی لێ دەدا و ئەوجار شۆفیر پێ بە بەنزینەوە بنێ و بڕوا. نەخشەیەکی سەرکێشانە بوو. بەفر پرووشەی دەکرد. لە گەردەنەی قەرەبڵاغ کرێوە و باکوت بوو. وادیاربوو لەبەر بەفر و سەرما پایەگا تاقەتی پرسگەدانانی نەببوو. بەڵام لە بەردەم پایەگا، ماشێن لەسەر بەفر و سەهۆڵی ڕێگا سووڕا و ڕووی لە دەرگای پایەگا کرد. شۆفیرەکە بە لەسەرەخۆیی تێی ڕاخوڕی؛ ئەیی! ئەوە بۆکوێ دەچی! ئەوانە پێشمەرگەن پێشمەرگە! خۆ جاش نین وا ڕووت دە پایەگا کردووا! بە خێرایی ماشێنی ڕاست کردەوە و بێ ڕاوەستان دەرباز بووین. لە نیزیک تیکانلووجە و دوور لە ئاوایی، ماڵاواییمان لە شۆفیر و ماشێنەکەی خواست و سپاسمان کرد. ڕێگامان بەرەو ئاوایی دۆستاڵی خوار کردەوە و لە ماڵێک میوان بووین. ڕۆژیش هەر لەوێ ماینەوە. ئێوارە بەرەو شارەدێی ئیندرقاش شۆڕ بووینەوە. دێیەکی گەورە و قەرەباڵغ. ئەحمەد

داوای لێ کردم لە بڵیندگۆی مزگەوتەوە قسە بۆ خەڵک بکەم. داواکەی کتوپڕ و هیچ دەرفەتێک بۆ خۆئامادەکردن نەبوو. نەشدەکرا لە خۆڕا میکرۆفۆن بە دەستەوە بگرم و دروشمان بدەم کە هەر لە بنەڕەتدا حەزم لە دروشمدان نییە. نەمتوانی قەبووڵی بکەم. ناچار بەوە قەناعەتمان کرد کە شریتێکی وتەکانی شەهید دوکتور قاسملوو لە بڵیندگۆی مزگەوتەوە بڵاو بکەینەوە. دەنگی بڵیندگۆی مزگەوت و وتەکانی دوکتور قاسملوو بەو شەوە، لەو وەرزەدا، لە نیزیک مەهاباد و لە بێدەنگیی ناوچەکەدا بۆ خەڵک جێی سەرسوڕمان و سەرنجراکێش بوو. دەوروبەری مزگەوت بەرەبەرە خەڵکی زیاتری لێ کۆ دەبۆوە. وای لێ هات لەبەر حەشیمەت هەر جمەی دەهات. بە شەش کەسان کۆنترۆڵی ئەو حەشیمەتە زۆرە چەتوون بوو. لەسەر ئەو حاڵەش خەڵکەکە لەدەورمان چەمبەرەیان دەبەست و وەبەر پرسیاریان دەداین. دەبوو وڵامیان بدەینەوە و قسەیان بۆ بکەین و لەسەر سیاسەتەکانی حیزب ڕوونکردەوەیان پێ بدەین. من ئەرکی چاوەدێری لە کۆڵانێکیشم پێ سپێردرابوو کە دەهاتەوە سەر

مزگەوت. کۆمەڵێک خەڵکم تێهاڵابوو و وەبەر پرسیارانیان دابووم. قسەم بۆ دەکردن و چاوێکیشم لە کۆڵانەکە بوو. لەبەر ڕووناکیی چرابەرقەکانی دەوری مزگەوت، تاریکایی کۆڵانەکەم نەدەدی. هاوکات کە لە قسەش گیرابووم، نەمدەتوانی ئەرکی چاوەدێریەکەم بە باشی بەڕێوە ببەم. ناچار بە پێدزە لە خەڵکەکە دوور کەوتمەوە و خۆم خزاندە ناو تاریکیی کۆڵانەکەوە. هێشتا چاوم بە تاریکایی ڕانەهاتبوو کە یەکێک بە جلێکی بۆر و شەپکەیەک لەسەردا، لەناکاو لێم قوت بۆوە و تێمڕاخوڕی؛ "پێم بڵێ ئەنگۆ چ کارەن؟!" بۆ یەک چرکە پێموابوو جاش یان پاسدارە. خێرا لوولەی تفەنگم لەسەر سینگی دانا! باش بوو زۆر زوو دەستی بەرز کردەوە و کوتی خۆ من هیچکارە نیم بۆ دەمکووژی؟! تفەنگەکەم هێنا خوارێ و هەموو لەشم وەک گۆزەیەک ئاوی ساردی پێداکەن وابوو. لە دڵە خۆمدا دەمکوت؛ خۆ ئەگەر لێم دابا جگە لەوە کە تاوانێکم ئەنجام دابوو، هەموو ئابڕووی پێشمەرگایەتیی خۆم و هاوڕێکان و حیزبەکەشم بە بادا دابوو. باش بوو بەخێر تێپەڕی بەڵام ئەوەندە ناخۆش بوو کە قەتم لەبیر نەچۆوە. پاش کاتژمێرێک مانەوە لە

ئیندرقاش، به کۆڵانەکانی ئاواییدا بەرەو دەرەوەی گوند وەڕێکەوتین. هێشتا لەنێو دێ بووین کە یەکێکمان لێ پەیدابوو؛ "ئەرێ کاکە هەمزەتان لەگەڵە؟" هیچمان هەمزەناو نەبووین و هەمزەشمان نەدەناسی. لێمان پرسی؛ هەمزە کێیە و لە کوێیە؟ گوتی؛ "ئەویش هەر نیرووی حاجی هادییە!" تۆمەز لەو وابوو کە ئێمە جاشین. ئەحمەد زۆر بە توورەیی تێی ڕاخوڕی؛ "شەرم بکە و دابرزێ! ئێمە پێشمەرگەین"! کابرا بەترس و شەرمەوە خۆی دە حەوشە هاویشتەوە و شەق دەرگای پێوە دا.

پێش ئەوەی ئیندرقاش بەجێ بهێڵین، جێی خۆیەتی یادێکی دیکە لە شەهید جەوادی مووسەوی بکەمەوە کە پێشتریش جارێک باسم کرد. جەواد خەڵکی ئەو شارەدێیە بوو. کە هاتم بۆ پێشمەرگایەتی، ئەو کادری سیاسی بوو بەڵام ئۆگریی خۆی بۆ کاری نیزامی و پێشمەرگانە کەم نەکردبۆوە. هێز و کۆمیتەی شارستان، من و سەلاح ڕەزایی‌یان بە جەواد ئەسپارد کە لە جیاتی دەورەی پێشمەرگایەتی، فێری شەڕی پارتیزانی و تاکتیکی نیزامیی

پێشمەرگانەمان بکا. لە ڕاستیدا ئەو یەکەم مامۆستای شۆڕشم بوو. ئەگەرچی ئەو لە من بەتەمەنتر بوو بەڵام لەو کەسانە بوو کە زۆر زوو خۆشم ویست. مرۆڤێکی ئارام و لەسەرەخۆ بوو. زۆر سەیر نالێکەکانی لە دەروونی خۆیدا لێک دەبەستەوە؛ لە بنەماڵەیەکی بە ڕەچەڵەک تورکدا لەدایک ببوو بەڵام تا سەر ئێسقان کورد و تێکۆشەری ڕاستەقینەی ڕزگاریی کوردستاندا بوو، لەگەڵ یای خەج، کە هاوسەری پێشووی شەهید ببوو و مناڵێکی لێی هەبوو، ژیانی هاوبەشیان پێکهێنابوو، ئەوەندە مرۆڤانە باوکایەتیی بۆ "چیا" دەکرد کە هیچکەس پێیوا نەبوو باوکی ئەو نییە. کادری سیاسی بوو کەچی بەقەد هەموان ئۆگری خەباتی چەکداری و تێکۆشانی پێشمەرگانە بوو. بەداخەوە ساڵی ١٣٧٢ لە کاتێکدا کە بە تیمێکی دە–دوازدە کەسی دەیانویست بچنە ناو شاری مەهاباد، لە قەراغ شار کەوتنە کەمینەوە و جەواد شەهید بوو. لە ناوچەیەکی دیکە بووم کە هەواڵی شەهیدبوونی جەوادمان پێگەیشت و خەمباری کردم. ئەو شێعرەی خوارەوەم بۆ ئەو نووسی؛



## هاوڕێی ئازاری هەژاران

بۆ شەهید جەوادی مووسەوی

هیندە گەورەی

هێندە بەرزی

هیند پیرۆزی

ڕووبار کڕنۆشت بۆ دێنێ

شاخ سەری بۆت دادەنوێنێ

"چیا" لاوکت بۆ دەڵێ

"چیمەن" گوڵاڵەت بۆ دێنێ.

هیند پیرۆزی

وەکوو ئاسمان.. وەکوو هەتاو

بووی بە ڕووگەی زەحمەتکێشان

بە گوڵ.. بە ئاو..

ئەوانە هەموو بوون بە تۆ و

تۆ هەموانی

کاتێ کە هەژاران دەڵێن

تۆ شەهیدی کوردستانی

تۆ شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی ئەوانی

**١٣٧٢ – ناوچەی  مەهاباد**

***

شەوێکی دیکە هەر بەو دەستوورە ڕوومان لە ناوچەی شامات کرد و سەردانی ئاوایی تالاومان کرد. ئەسعەدمان چاوساغ بوو کە خۆی خەڵکی ئەو گوندە بوو. گوندێکی قەرەباڵغ و گەورە کە ساڵانێکی زۆر بوو پێشمەرگە ئاوا بە ئاشکرا ڕوویان تێنەکردبوو. پێشوازیی خەڵکەکە کەم وێنە بوو. سەردانی یەک بە یەکی ماڵەکانمان دەکرد و یارمەتیشمان بۆ حیزب وەردەگرت. منیان بۆ بەشی عەجەمەکان دانا. کۆمەڵە ماڵێکی کۆچەری بە قەراغ ئاواییەکەوە خانوویان ساز کردبوو و زستانیان لەوێ تێپەڕ دەکرد. خەڵکەکە پێیانوابوو ئەگەر سەردانی ئەوان نەکەین و یارمەتیشیان لێ نەستێنین، سبەی لای ئیتلاعات بۆیان دەبن بە دەردیسەر. ئەوەی لەبیرم بێ سەرجەم سێزدە ماڵ بوون. شاسەیوان بوون. پێشوازییەکی گەرموگوڕیان لێم کرد. بێ داوا و چەنەلێدان یارمەتییان بۆ دەهێنام. منیش قەت بە کەسم نەگوت کەمی هێناوە یان زۆر. کڵاوێکی تایبەتیشیان وەک دیاری دامێ کە لە بەرگن ساز کرابوو. کڵاوەکەی سەمەدی بێهرەنگیی وەبیر دەهێنامەوە ئەگەرچی ئەوەی من ڕەش بوو. شەو لە چەند ماڵ نانی شێوانمان خوارد و بۆ ڕۆیشتن، کۆ بووینەوە. بە

دوای ماشێنێکدا، ڕێمان دەماڵێک کەوت کە بەداخەوە پێشتر کادرەکانی ناوچە کەسێکیان بە ناحەق لێ ئیعدام کردبوون. بەوحاڵەش ئەو بنەماڵە بەڕێزە دڵیان هەروا لای ڕزگاریی نەتەوەکەیان و خەباتی خەڵکی کوردستان بوو. لەوە دوو دڵ بووین کە ماشێن و شۆفیرەکەی کە کوڕی ئەو ماڵە بوو، بە کار بەرین بەڵام هیچ چارەمان نەبوو. هەرچی گەڕاین ماشێنی دیکەمان دەست نەکەوت. ناوچەکە لە میاندواو نیزیک بوو و پێش ئەوەی ڕێژیم بتوانێ خۆ ببزێوێ و هێز بۆ سەرمان کۆ بکاتەوە، دەبوو ئەوێ بەرەو دوورە دەستەکان بەجێ بهێڵێن. پێش دوور بوونەوەش، بەرنامەمان ئەوە بوو کە لەگەڵ کاک جەلال و کارۆ یەک بگرینەوە. بە ڕیز لە دێ وەدەردەکەوتین. ژنان لەسەر ڕێگا، لەبەردەم ماڵەکانیان ئێمەیان بەڕێ دەکرد و دوعای بە خێریان بۆ دەکردین. لەبیرمە یەکیان لە ناخی دڵەوە دوعای دەکرد؛ حەک ڕۆڵە ڕەبی موەقەت (موەفەق) بن! کەماڵ فیشاڵی گوتی؛ بە خودای هەموو دوعای ئەو پیرێژنانەمان لەگەڵە بۆیە هیچمان لێ نایە.

به دێهاتەکانی ناوچەی مەحاڵی ئاختاچی‌دا گوند بە گوند دەڕۆیشتین و چ خەبەر نەبوو. گەیشتینە نیزیک ئاوایی سنجاخ. ئەحمەد پێیوابوو دەبێ لە پێش‌دا نێو دێیەکە تاقی بکەینەوە، نەکا کەمین بێ یان پاسدار لە گوندەکە بن. لانیکەم بۆ من ئەو قسەیە بڕێک سەیر بوو. ئێمە کە تا ئەودەم بەنێو گوندەکانی قوڵقوڵە و تەنگباڵەکەش‌دا هاتبووین و چ خەبەر نەبوو، بۆ دەبێ لەو دێیەیان شتێک هەبێ؟! بەڵام ئەحمەد لە باری نیزامیەوە لە ئێمە زۆر بە ئەزموونتر بوو. بە هەر حاڵ بۆچوونی گشتی وابوو کە بڕۆین و چ خەبەر نابێ. گەیشتینە نێو ئاوایی سنجاخ و لە پێش هەیوانی مزگەوتی دێ پاسدار لە پێشمان جموجۆڵیان بوو. تەواو کەوتبووینە نێویانەوە. زۆر خراپ پێوە ببووین. هیچ دەرفەتی گەڕانەوە یان گۆڕینی ڕێگا نەبوو. ئەحمەد بە شۆفیرەکەی گوت ڕایگرێ. شۆفیرەکە ڕایگرت. پاسدار بەهەر چوار لادا دەوری ماشێنەکەمانیان دا. دوو-سێ پاسدار لە پێشەوە و یەک-دوانێکیش بە لای پشتەوەدا لە ماشێنەکەمان نیزیک دەبوونەوە. بە تەما بوون دەرگامان لێ بکەنەوە و سەر بە ژوورێدا بکەن.

حەتمەن پێیان وا نەبوو پێشمەرگەی تێدا و زیاتر حیسابی قاچاخچی و باری قاچاخیان کردبوو. ئێمە چوار کەس لە پشتەوەی جیبەکە سوار ببووین. ئەحمەد و کەماڵ فەڕوخی لە پێشەوە بوون. ئەحمەد فەرمانی دابەزین و لێدانی دا. کەماڵ فیشاڵی یەکەم کەس بوو کە دابەزی و پاسدارەکانی وەبەر دەسڕێژ دا. بەدوای ئەودا ئێمەش بەخێرایی دابەزین. من کە دابەزیم لەبەر پێم پاسدارێک ئەنگاوترا بوو. دەگریا و هاواری دەکرد. لەو لاوە یەکی دیکە تفەنگەکەی بە دەستێکەوە گرتبوو و هەڵدەهات. بە خللەی فیشەکەکانیڕا زانیم بیکەیسی پێیە. ئەوانی دیکەش هەر خەریکی هەڵاتن و خۆ قوتارکردن بوون. بە دەم تەقەکردنەوە، بەرەو دواوە و بۆ خوار ئاوایی ماشێنەکەمان بەجێ دەهێشت.

لەوبەری ئاواییەکە ئێمە چوار کەس یەکمان گرتەوە. تاوێک ڕاوەستاین. چاوەڕوان بووین دوو هاوڕێکەی دیکەشمان بەزویی دابەزن و لەگەڵمان بکەون. بەڵام چ خەبەر نەبوو. پاسدار تا ئەوکات نەیانتوانیبوو دەست بکەنەوە و تەقە بکەن. بۆیە

دەمانزانی هاوڕێکانمان هیچیان لێ نەهاتووە. بایزید کە ئاخر کەس بوو دابەزیبوو، پێیگوتین کە تا ئەویش دابەزیوە ئەوان هەر لە ماشێنەکەدا بوون و دەرگایان بۆ نەدەکراوە؛ ئەحمەد و کەماڵ فەڕوخی کە لە پێشەوە سوار ببوون، گیریان کردبوو و هەرچی تێینووسابوون، دەرگای ماشێنیان بۆ نەکرابۆوە. تەنیا ئەوکاتەی دەنگی دەسڕێژ و ڕەگبار لەنێو ئاواییەوە بەرز بۆوە و تەقەکەش ڕووی لە ئێمە نەبوو، هەستمان کرد شۆفیرەکە پاڵی بە بێنزینەوە ناوە تا خۆ دەرباز بکەن. قسەی سەرلەئێوارەی کەماڵ فیشاڵیم وەبیر هاتەوە کە دەیگوت؛ دوعای ئەو پیرەژنانەمان لەگەڵە بۆیە قەت هیچمان لێنایە.

لانیکەم ئەمن دواتر وەبیرم هاتەوە کە ئەو شەوە ٢٦ی سەرماوەزە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بوو و پێشتر حیسابمان لەسەر ڕۆژەکە و گرینگیی ڕۆژی ئاوا لەلای دوژمن نەکردبوو. ڕێژیم وەک عادەتی خۆی، لەو بۆنانەدا هێزی کۆ دەکردەوە تا نەهێڵێ

پێشمەرگە عەمەلیاتێکی گەورە بکا یان بتوانێ لەو بۆنەیەدا زەربە لە پێشمەرگە بدا.

کات لە نیوەی شەو لایدابوو. بەوەڕا دەڵێم کە هەم ئێمە تا درەنگانێک لە تاڵاو بووین و هەمیش زۆربەی پاسدارەکان لەنێو مزگەوتدا خەوتبوون و مزگەوت چرای نەداییسا. ئەوانەی ئێمە بەرەنگاریان بووینەوە، نیگابانەکان بوون. لەوە زیاتر ڕاوەستانمان هەڵە بوو. لەوانەبوو وەدوامان بکەون. تێکهەڵچوونی زیاتر لە قازانجمان نەبوو. دەبوو خێرا لەو شوێنە دوور بکەوینەوە. بە هۆی ئەوەی زێدی من لەو گوندانە نیزیک بوو، شارەزاتر بووم و دەبوو چاوساغیی هاوڕێکانم بکەم. ڕێگاکانم دەناسی. هەم بە منداڵی پێیاندا ڕۆیشتبووم و هەمیش بە پێشمەرگایەتی. ئەوبەرمان گوندی باجەوەند و بەری دیکەمان مەنیچەر بوو. بەدەم ڕێگاوە بە وەبیرهاتنەوەی بەسەرهاتێکی دوو ساڵ لەوەپێشی ئەسعەد برێک پێکەنین؛

هێزەکەمان زۆر و بەسەر چەند گونددا دابەش ببووین. ئەسعەد لە باجەوەند میوانی ماڵێک بوو. خانەخوێکەی زمانلووس و ئەسعەدیش لەباری سیاسییەوە ڕوانینی چەپ و سوسیالیستی هەبوو. کاتێ کادرەکانی بەشی دارایی حیزب سەردانی ئەو ماڵەیان کردبوو، ئەسعەد بە لاگری لە خانەخوێکەی و لە زەحمەتکێشان، نەیهێشتبوو یارمەتی بە حیزب بدا. ئەوە باسوخواسی لێ کەوتبۆوە و کادرەکان گلەییان دەکرد و ئەسعەدیش بەرگریی لە هەڵوێستی سوسیالیستییانەی خۆی دەکرد. لەو کاتەدا کە لە ئاوایی دەچووینەدەر، نازانم چۆن خەبەر هات کە چەتە لە گوندی تاڵاو هۆڵەمەڕی ماڵی باوکی ئەسعەدیان بڕیوە و مەڕی زۆریان لێ دزیون. گومانیش لەسەر خانەخوێکەی ئەسعەد لە باجەوەند بوو! بەدەم ڕێگاوە دەڕۆیشتین و ئەسعەد هەر پرتە و بۆڵەی دەهات. بابەتی یارمەتیی لەبیر چووبۆوە و دوو پێی دە کەوشێک هاویشتبوو کە دەبێ ئیزنی بدەن هەر ئێستا بچێ حەقی بابی لەو "چەتە"یە وەربگرێتەوە. بەرپرسەکان دژایەتییان دەکرد و نەیاندەهێشت. گەیشتبووینە نیزیک حاجیاڵیکەند و بابەتەکە هەر کۆتایی

نەهاتبوو. لەبەر  بۆڵەی ئەسعەد و دەنگەدەنگ لەسەر ئەم بابەتە، هێزەکە لە ڕۆیشتن کەوتبوو. شوێنەکەمان قەمتەرەیەکی هەڵبەستراو و زۆر لێژ بوو. لەو دەمەدا ئەسعەد بەدەم بۆڵە و دەنگەدەنگەوە هەڵخلیسکا و جامانەکەی لە سەری بەربۆوە. جامانە هەر بە بەستراوەیی قارقارەی بەست و خللۆر بۆوە. کاک سمایلی بازیار کە فەرماندەی هێز بوو، لەدوورەوە هەرای کرد: "ئەسعەد! جارێ لەو مەوزووعە گەڕێ، وەزعەکە بۆ ئەوە نابێ." داواشی لە ئێمە کرد کە؛ "دا یەکتان بچن ئەو کڵاووپێچەی بۆ بێننەوە!" ئەسعەد بە بیستنی وشەی کڵاووپێچ[8] هیندەی دیکە دەهری بوو!

بەدەم ڕێگاوە لە مێشکی خۆمدا دەمهێنا و دەمبرد کە ڕوو لەکوێ بکەین و ڕۆژ لەکوێ بحەسێینەوە. ڕووداوەکە ناوکاو بوو و پێشتر بیرم لە شوێنی حەوانەوە و مانەوە لەو دەڤەرە نەکردبۆوە. ئاخر ڕۆژەکانی پاییز و هەوا زۆر سارد بوو. بەفرێک کە چەند ڕۆژ پێشتر

[8] - کڵاو و پێچ سەروێنی تایبەتی و ئاسایی پیاوانی موکریانە کە ئێستا  زیاتر بە تەمەنەکان دەیبەستن  و بە جۆرێک لە مۆد کەوتووە. لەبەرامبەردا جامانە زیاتر وەک سەروێنی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕان دەناسرێ و هەروا بە برەوە.

باریبوو، چاڵ و قووڵاییەکانی پڕ کردبۆوە. بۆ ئەوە نەدەبوو لە دەشت و دەر بمێنینەوە. دەبوو خۆ بە ماڵێکدا بکەین. بە پەنا ئاوایی غەوساباتدا ڕۆیشتین. مەزرا و مووچەمان لە کەوشەنی ئەم گوندە هەڵکەوتووە. بەو هۆیە لێرە خەڵکم زۆر دەناسین. ئەگەر ڕاستەوخۆش نەمناسیبان، ئەوە ئاشنایەتی و ناسیاریی بنەماڵەییمان لەگەڵیان هەبوو. هاودێیەکیشم لێرە مێردی کردبوو کە بە هۆی جیرانەتی و تێکەڵاویمان، لەجێی خوشکی گەورەم بوو. دوو ساڵ پێشتر کە سەردانی ئێرەمان کردبوو، لەکاتی ڕۆیشتندا تێیهەڵەنگوتمەوە. دوای ڕۆیشتنی من شووی کردبوو و بە تەواوی نازانم لەبیرم نەبوو یان نەمزانیبوو کە لەوێیە. لە کاتی ڕۆیشتندا تێی هەڵەنگووتم. سۆراغی منی لە هاوڕێکانم دەکرد و کە دیتمی زوو ناسیمیەوە. دەیگوت بە دەنگترا زانیم هەوی. فاتم کە ئێمە بە دادە سابە بانگمان دەکرد، لە من گەورەتر بوو. لەگەڵ برا لەخۆی بچووکترەکانی بە تایبەت عەبەسوور و ئیسماعیل ئاواڵ بووین. بە هەمان دەستووری منداڵیم و جیرانەتیمان وەریگرتم و باوەشی خوشکانەی بۆ گرتمەوە. ساڵێک دواتریش هەر لەو گوندە

سەردانی ماڵی محەممەدی ڕەشیدم کردبوو کە جیران مەزرامان بوون. کاک محەممەد هاتووچۆی باشووری کوردستانی دەکرد و خەریکی مەعامەلە بوو. جامانەیەکی کۆییانەی دەبەست کە لە موکریان شاز بوو. هەمیشە کە دەمدیت، وێنەیەکی تاهیر تۆفیقی هونەرمەندم وەبیر دەهاتەوە. پیاوێکی قسەخۆش و لەسەرەخۆ بوو. زۆر کاری بە مووچە و مەزرا نەبوو و زیاتر لە سەروبەندی هەڵگرتنی خەلە و خەرماندا پەیدا دەبوو. کاک ڕەحیمی برای کە ئێمە بە بەخلان ناومان دەهێنا، کاروباری مووچە و مەزراکەی بەڕێوە دەبرد. لە خۆی گەورەتر بوو و ژنی نەهێنابوو. پیاوێکی بێ ئازار بوو بەڵام ئێمەی بزۆز زۆر جار لەخۆڕا ئازارمان دەدا. زیانیمان لێ دەکرد و قەڵسەمان لێ دەگێڕا. وەچە بە وەچە مێژووی شەڕ و ململانێمان لەگەڵی هەبوو. وەختێک میوانیان بووم، لەو هەموو ئازاردانەی ئەو مرۆڤە بێ ئازارە شەرمم دەکرد. بەڵام ئەو نەک وای نیشان نەدا کە هیچ ئەو شتانەی لەبیرە، بە دیتنی من دەتگوت خەنی بووە. زۆر بە گەرمی لەباوەشی گرتم و ماچی کردم. کە دانیشتین، ئێمە وەک میوان لەوسەری ژوورەکە و ئەو لەلای

دەرگاکە دانیشتبوو. بە بزەیەکی شیرینەوە لێی دەڕوانیم و سەری لەسەر هەڵنەدەگرتم. وەک بڵێی ونبوویەکی خۆی دۆزیبێتەوە. چاوە چکۆڵەکانی هێندەی دیکە چکۆڵە ببوونەوە و لە دوورەوە زیتەیان دەهات. چایەکمان خواردەوە و خەریک بوو سەری قسان بکەینەوە کە هاتە لام و کوتی؛ دا هەستە با لە جیاتی بابت ماچێکی دیکەشت بکەم!

لەو گوندە و لە گوندەکانی دیکەش خەڵکم دەناسین، بەڵام هەم بە هۆی نیزیکی لە شوێنی تێکهەڵچوونەکە و هەم بەو هۆیە کە ناسین و پێوەندییەکە لەسەر بنەمای سیاسی و حیزبی نەبوو، بە باشم نەزانی لێیان میوان بین. بەری بەیانی گەیشتبووینە نیزیک گوندی قۆڕغان. لەوێ خزمم هەبوون بەڵام بە تەما نەبووم لە دەرگای هیچیان بدەم. لەلایەک ئەگەر ڕێژیم گومانی لە مانەوەمان لەو گوندەدا کردبا، ئەوە ماڵی ئەوان زیاترین شکی دەکەوتە سەر و لەلایەکی دیکەش بە جۆرێک کەڵکاوەژۆکردنی خزمایەتیم دەزانی کە بێ ڕێککەوتنی پێشوەخت بەسەریاندا بدەین و بە ڕۆژ لە ماڵیان

بمێنینەوە. لەبیرم بوو کە هاوینی ڕابردوو لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکە سەردانی ماڵێکم لەو گوندە کردبوو. زۆر ماڵی چاک بوون. گەرچی لە ماڵێکی دیکە نانمان خواردبوو بەڵام پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین. پێموایە لای خاوەنماڵەکەمان گلەییان کردبوو. لەوە نارەحەت بوون کە پێشمەرگە ماڵی ئەوانیان بواردووە و ڕوویان لە ماڵێیان نەکردووە. لەبەر ئەوە، ئێمەش هەستاین چووین سەردانمان کردن. بە هۆی جیران دێیی، خاوەنماڵ دیوناسییەکیشی لەگەڵ بابم هەبوو. بەوە پێوەندییەکەمان گەرمتر کرد. لە دڵی خۆمدا دەمگوت بڵێی ئەو چاکبوونە بۆ وەختێکی ئاواش بەردەوام بێ یان هەر بۆ ئەوکاتە بوو کە بە هێزێکی زۆرەوە هاتبووین و ترسیان کەمتر بوو؟! کوڕەکانم تێگەیاند کە ئاشنایەکم لەو گوندە هەیە و دەچینە ماڵی ئەو. بڕێکیشم تاریفی مەوقعیەتی ماڵەکەیان کردبوو کە پشتی بە شاخ و باخەوەیە و.. کە دواتر زانیم وانییە. جاری پێشوو بە شەو چووبووم و خراپی لێ حاڵی ببووم. گوندەکە لە پێدەشتێکدا هەڵکەوتووەو هیچ کوێی بۆ

مانەوەی تیمێکی پارتیزانی لەبار نییە. لەبەر ئەوە کوڕەکان دواتر زۆرجار گاڵتەیان پێ دەکردم.

بەجێی قفڵ و ئاڵقەڕێز، دەرگای حەوشەیان بە کەندرێک بەستبوو. بە چەقۆ سووکێک کەندرەکەمان بڕی و کەوتینە دیوی حەسارێ. هیچ کەس هەستی بە هاتنمان نەکرد. سەرەڕای ئەوە کە مەڕ ئیدی شەو بە کێو نەبوو، تەنانەت سەگەلی دێش بەخەبەر نەهاتن. بە ئەسپایی لە پەنجەرەی ژوورەکەم دا. زۆر زوو چرای ژوورەکە هەڵکرا. دەتگوت چاوەڕوانمانن. دەنگێکی نەرم لە ژوورەوە بە شێنەیی بانگی کردین؛ کێن؟! لەو ناوچەیە بە چەتە دەڵێن گۆران. ئەو سەروبەندە نیوەشەوان لە دەرگای هەر ماڵێکمان دابا، دەیانگوت گۆرانن و نایکەینەوە. بیرم کردەوە کە ئێستا دەبێ سەعاتێک بە سوێند و قورعانەوە شین ببمەوە تا باوەڕ بکەن کە گۆران نین و پێشمەرگەین. بۆیە بە سەبرێک گوتم گۆرانین، بیکەنەوە! بە هەڵکەوت کڵاوە بەرگنەکەی عەجەمانیشم بەسەرەوە بوو. زۆری پێ نەچوو، دەرگایان لێ

کردینەوە و زۆر بە گەرمی فەرموویان کردین. خێرا سەماوەریان تێخست و نان و پەنیریان دانا. بە دیتنمان خۆشحاڵ بوون و گەشانەوە. بە دەم نانخواردنەوە لە خاوەنماڵم پرسی؛ باشە ئێمە لە دەرگای هەر ماڵێک دەدەین و دەڵێین پێشمەرگەین، دەرگامان لێ ناکەنەوە و باوەڕ ناکەن، دەڵێن گۆرانن، خێرە ئێستا کە گوتم گۆرانین و ئەو کڵاوە عەجەمانەشم لەسەر بوو، ئەتۆ بێ پرس و ترس دەرگات لێ کردینەوە؟! بە لەبزێکی تێکەڵ بە خۆشەویستی گوتی؛ دەنگتم ناسییەوە! سەرم لەو هەموو محەببەت و وەفادارییە سوڕمابوو. تاقە یەکجار، ئەویش لە تاریکایی شەودا سەردانی ئەو ماڵەم کردووە کەچی نەک ڕوخسارم، تەنانەت دەنگیشم دەناسنەوە!

بەرەبەرە ڕۆژ دەبۆوە و هەوا ڕووناک دەبوو. پێشنیاریان کرد لە ژوورێکی پەناتر کە عەلاوەی بەسەرەوە نییە، بحەسێینەوە. ژوورەکە نوێن و بانی زۆری لێ بوو. ویستیان جێگامان بۆ ڕاخەن، نەمانهێشت. ئەگەرچی ڕێگای زۆرمان پێوابوو و سەرماش لێی

دابووین، من به تەما نەبووم بخەوم. کوڕەکان دەیانویست بێ دۆشەگ و لێفە و بە ئامادەیی راکشێن بەڵام ئەسعەد بە دەم درووشمی هەمیشەیی خۆیەوە کە دەیگوت "ئیمکانات ئەگەر هەبوو دەبێ کەڵکی لێ وەرگری"، دۆشەگی لێ ڕاخست و لێفەی بەسەردا دا. کوڕەکانی دیکەش وێڕای ئەو، نوێن و بانیان ڕاخست و تێخزان. سەعات هەشتی بەیانی کە مینیبووسی دێ بۆ شار دەچوو، خاوەنماڵ ئاگاداری کردم کە دەیهەوێ بۆ شار بچێ. لەو ڕۆیشتنە بڕێک وە شک کەوتم؛ کابرا بۆ پێشتر ئەوەی پێ نەگوتین؟! بۆ ئاوا کتوپڕ بڕیاری چوون بۆ شاری داوە؟! لەو چرکەساتەدا ئەوانە و زۆر پرسیاری دیکە بە مێشکمدا هاتن و چوون. داوام لێ کرد ئەگەر دەکرێ، نەچێ. زۆر بە لەسەرەخۆیی و ئاسایی گوتی؛ نەوەڵا کارم هەیە، هەر دەچم. گوتم ئەوە چ کارێکە وا دەتهەوێ حەتمەن بچی؟ گوتی دەچم ژن دەخوازم. لەبیرمە یەک لە کوڕەکان بە شۆخی گوتی وەڵاهی ئەگەر بابم نەمابا، دایکمم دەدایەی بۆ ئەوەی نەچی!

پێشی کابرام پێ نەدەگیرا و نەشمدەویست زۆر پێداگری بکەم. پێمناخۆش بوو ئەو هەموو محەببەت و وەفاداری‌یە خەوشی تێبکەوێ و پێیوابێ لێی بە گومانم. بە خۆم گوت خاوەنماڵ با بۆخۆشی بڕوا، خۆ ماڵ و منداڵەکەی لێرەن، ئیشەڵڵا کارێک ناکا ماڵەکەی بەسەر ئێمە و بنەماڵەکەیدا بڕووخێنێ! بەو جۆرە دڵخۆشیی خۆم دەداوە بەڵام نیگەرانی بەری نەدەدام. ئەو گوێی بە نیگەرانی من نەدا. خوداحافیزی کرد و ڕۆیشت.

دەوروبەری نیوەڕۆ بوو. نازانم کوڕەکان هەموویان خەویان لێکەوتبوو یان نا کە بووکی ماڵەکە بە پەڕتاو خۆی بە ژوورێدا کرد و ئاگاداری کردین کە نێو دێ پڕ لە جاش و پاسدارە. لە دڵی خۆمدا گوتم کابرای خانەخوێ کاری خۆی کرد! وام لێکدایەوە کە بێ ئەوەی ماڵ و منداڵی ئاگادار کردبێ، چووە ڕاپۆرتی داوە. دەمگوت ئەو پێشوازی و میوانداریيە گەرم و گوڕە و ئەو نەترسان و سڵ نەکردنەی بۆ حاواندنەوەی ئێمە، ئەوەی لەبن سەردا بوو.

کوڕەکان زۆر بە خێرایی خۆیان بەست و نوێن و بانەکەیان کۆ کردەوە. پرسیارم لە بووکەکە کرد کە ئاخۆ جاش و پاسدارەکان ماڵان دەگەڕێن؟ گوتی هیچ نازانم، هەر ئەوەندە کە لەسەرکانی ئەوانم دیت، هاتم خێرا ئەنگۆم ئاگادار کردەوە. گوتم؛ بچۆ سەر و سۆراغێک بگرە و لەبەر دەرگا ڕاوەستە. ئەگەر زانیت ماڵان دەگەڕێن، خەبەرمان پێ بدە. لای خۆم وام دانا کە بە پێی ئاستی مکوڕیی ئەوان بۆ گەڕان و پشکنین، دژکردەوە نیشان بدەین.

سەیری سەعاتم کرد، کاتژمێر یازدە یان یازدەونیوی پێشنیوەڕۆ بوو. هێشتا ڕۆژی زۆر مابوو و بۆ شەڕ و تێکهەڵچوون زۆر زوو بوو. ئەویش بۆ تیمێکی وەک تیمەکەی ئێمە و لەو نێو گوند و پێدەشتەدا. تەویلە یان هۆڵی ماڵەکە دەلاقەی بچووک بچووکی تێدا بوو. لەبیرم نییە پێشنیاری کاممان بوو کە خۆمان دە هۆڵەکە خزاند و هەر یەکەی لەبەر دەلاقەیەک، دەست لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ، چاوەڕوان واینەوە. نازانم چەندە لەو هۆڵەدا بووین کە بووکەکە خۆی بە ژوورێدا کردەوە و گوتی؛ شوکور

ڕۆیشتن! بۆی گێڕاینەوە کە ئەوکاتەی لەبەر دەرگای حەساریێ ڕاوەستاوە، دوو جاش یان پاسدار پرسیاریان لێ کردووە کە کێتان لە ماڵە و ئەویش گوتویەتی هەر خۆم و خەسووم. ئیتر ئەوانیش ڕانەوەستاون و ڕۆیشتوون.

هەموو شک و گومانەکەم لەسەر کابرای خانەخوێ بێ هۆ و لەخۆڕا بوو. بۆم ڕوون بۆوە کە کابرا هەر ئەو کەسە پاک و نەتەوەپەروەرە بوو کە جاری یەکەم پێشوازی لێ کردبووم. دەمەوعەسر هاتەوە و بەو کەلوپەلانەی لە شار کڕیبوونی، میوانداریيەکی چاکی کردین. نان و چای ئێوارەمان لەگەڵیان خوارد و لە تاریکایی شەودا ماڵاواییمان لێ کردن.

لە چارەنووسی دوو ڕەفیقەکەی دیکەمان بێ خەبەر بووین. تەنیا ئەوەندەمان دەزانی کە نە شەهید بوون و نە گیراون. چونکە خەبەری کوژران یان گیران زۆر بە خێرایی بڵاو دەبۆوە و تا ئەو دەم دەمانبیستەوە. بەڵام ئێمە تیمێکی هەڵبڕاو بووین و نەماندەزانی دەبێ ڕوو لە کوێ بکەین. بێسیم و هیچ جۆرە ئامرازێکی

پێوەندیمان پێ نەبوو. بێسیمە ڕاکاڵەکە کە بە بازید بوو، لە بناری مەیدانچۆغە شاردرابۆوە. بێسیمی تیمەکەش بە دەست ئەحمەدەوە بوو. هەر ئەویش ڕێبەریی تیمەکەمانی دەکرد. ئێستا کە لێمان هەڵبڕابوو، دەبوو هەر چۆنێ بێ، بیاندۆزینەوە و یەکتر بگرینەوە. لەو دۆخەشدا، یەکتر دۆزینەوەمان، دۆزینەوەی دەرزی لە کادێندا بوو. ئەو شەوە مەودایەک ڕێگامان بڕی. لای جووجەخانەیەک لە نیزیک ئاوایی برهان و لەسەر جادەی بۆکان - مەهاباد لامان دا و چایەکمان خواردەوە. کچ و کوڕێک کە تازە زەماوەندیان کردبوو، وەک کرێکار لەو جووجەخانەیە کاریان دەکرد. بە گەرمی پێشوازییان لێ کردین بەڵام بۆ ئەوە نەدەبوو لەوێ بمێنینەوە. لەو نیزیکانە ماڵێکم دەناسی کە هاوینی ڕابردوو لەگەڵ تیمی تەشکیلاتیی ناوچەی مەحاڵ سەردانمان کرد. دیارییەکیشمان بۆ برد. وام بە باش زانی لێی میوان بین. بەری بەیانی بوو کە گەیشتینە ئەو ماڵە. کابرا نان و چای داینێ بەڵام نەیشاردەوە کە ناوێرێ بە ڕۆژ ڕامانگرێ. پێی گوتین کە دێهاتەکانی دەوروبەر پاسداریان بۆ هاتووەو بۆ دێی ئەوانیش دێن. بۆ ئەوە

نەدەبوو پێداگری لەسەر مانەوەمان بکەین. گەرچی هەوا خەریکبوو ڕووناک دەبوو و بارستایەکیش بەفر زەوی داپۆشیبوو، وەدەرکەوتین. بە دۆڵی کولیجەدا هەڵکشاین و ڕوومان لە چادراغێک کرد. چادراغەکە تەندووری تێدا بوو. چرپی و دارمان کۆکردەوە و تەندوورمان داخست. چاییمان خستە سەر ئاگر و ملمان لە خواردنی نان و پەنیر نا. لە گوێی تەندوورەکە بە نۆرە هەر یەکەی سەرخەوێکمان شکاند. دوا نیوەڕۆ تەگبیرمان لەوە دەکرد کە چ بکەین و بەرەو کوێ بڕۆین. هەر کام لە هاوڕێکان خەون و خولیایەکیان هەبوو کە دەیانویست لەو دەرفەتە بۆ ئامانجی خۆیان کەلک وەرگرن. هەر کەس بۆ لای ناوچەی خۆی و بەرەو مەبەستی خۆی دەکێشا. یەک ئاشق بوو و دەیویست بە دوای ئەوینەکەیدا پەلکێشمان بکا، ئەویدی دەیویست سەردانی خزمانی بکا و.. تا ئاستێک کە لەنێوان دوو هاوڕێدا دەنگەدەنگ هاتە ئاراوە. من هیچ ئامانج و خولیایەکی تایبەتیم نەبوو. تەنیا حەزم دەکرد لە ناوچە و لەنێو خەڵکدا بمێنینەوە. بەڵام مانەوەی بەو جۆرەشمان کە ئامانجی سیاسی و حیزبی لەپشت نەبوو،

مانەوەیەکی پووچ بوو. بەبێ بەرپرس و ڕاسپاردەی حیزبی، هەستم بە ڕۆیشتن لەسەر بۆشایی دەکرد. پێموابوو ئاوا تووشی شپرزەیی و خەسار دەبین و لە جێیەک خراپ تێدەکەوین. گوندی حوسێنابات بە هۆی هەڵکەوتە جوغرافیاییەکەی، لەو جەولەیە و لە گەڕانی ساڵەکانی پێشتریشماندا، زۆرجار پاتۆقمان بوو. لە شوێنی مانەوەشمان دوور نەبوو. وامان دانا سەردانی ئەو گوندە بکەین و ئەگەر لەوێ هاوڕێکانمان نەدۆزیەوە، ئەوە بڕیار دەدەین چ بکەین و بۆ کوێ بچین. ئێوارە بە دۆڵی کولیجەدا هەڵکشاین و گەیشتینە گوندی حوسێنابات. شانسێکی باش بوو کە سەرجەم هاوڕێیان پێش ئێمە لەو گوندە یەکتریان گرتبۆوە. تەنانەت تیمە سێ کەسییەکەی ناوچەی بۆکانیش هەر لەوێ بوون. جارێکی دیکە چاوم بە دیتنی کاک جەلال و کارۆ ڕوون بۆوە. بە دیتنی ئەحمەد و کەماڵ فەرۆخیش هەروەها. وەک پێشتر گوترا، کەماڵ لە تێکهەڵچوونەکەی سنجاخ سەری بریندار ببوو. وەختێک ماشێنەکە ویستبووی دەرباز بێ، وەبەر دەسڕێژ درابوو. گۆیا ماشێنەکە هەمووی کونکون ببوو. برینەکەی کەماڵ سووک بوو.

لە سەری خشابوو. کارۆ کە کادری دەرمانی بوو و نێوانیشیان خۆش بوو، هەم برینەکەی بۆ پێچابوو هەمیش بە جەفەنگ باندێکی زۆری دەسەری هاڵاندبوو. دەتگوت مەلایە. کوڕەکان شۆخیان لەگەڵ دەکرد. کاک جەلال تا ڕادەیەکی باش چاک ببۆوە و قسەی بۆ دەکرا بەڵام هەموو پیتەکانی بە باشی بۆ نەدەهات. لەبیرمە پێشتر ئەو بەیتە شێعرەی شێخ ڕەزای زۆرجار بە بۆنە بە کار دەبرد؛

کەر بە چوونی حەج نابێ بە حاجی هەزار ساڵ بیشۆی هەر پیسە تاجی

دوای بریندار بوونەکەشی دەستی لە گوتنەوەی ئەو بەیتە هەڵنەگرتبوو و بە موناسبەت دەیگوتەوە بەڵام ئەمجار هێندێک وشەی وا گۆ دەکرد کە دەبوو بە هۆی جەفەنگ و پێکەنینمان.

بە دوای ئەو یەکگرتنەوەیە، دەستمان لە قوڵاییەکانی ناوچەی مەهاباد بەردا و بەرەبەرە بەرەو ناوچەی گەورکایەتی و بناری مەیدانچۆغە هەڵکشاین. دێهاتەکانی ئەو ناوچەیەمان یەک لە دوای یەک بەسەر دەکردەوە. زۆربەیان گوندی تا ڕادەیەک گەورە

و خەڵکێکی زۆر دڵگەرم و پێشمەرگە خۆشەویستیان هەبوو. ئێوارەیەک بە تیمێکی پێنج کەسی پێکهاتوو لە کەماڵ فیشاڵی، مەحموود کووڕانی، بازید و من و بە فەرماندەیی شەهید ئەحمەد زاواکێوی سەردانی گوندی کاوڵانی خوارێمان کرد. دێیەکی تا ڕادەیەک گەورە کە لەسەر جادەی مەهاباد-سەردەشت هەڵکەوتووە. بنکەیەکی گەورەی پاسداران ساڵانێکە لە گوندەکە جێگیرە. هەروەها نیروی ئینتزامیش لە دەوروبەری گوندەکە بە ماشێن خەریکی ڕاووڕووت و ڕاوەدوونانی کۆڵبەران بوو. سەرەتا سەردانی هێندێک شوێنمان کرد. خاوەن چێشتخانەیەکی سەر جادە فەرمووی خواردنی کردین بەڵام دەرفەت نەبوو. قابڵەمەیەک مریشکی سوورەوەکراوی بۆ لە کۆڵەپشتی نام. دوای ئەوەی تاریکی داهات، سەر جادەکەمان گرت. بووین بە دوو دەستە. دەستەیەک ئەو ماشێنانەیان ئیست دەدا کە لە مەهابادەوە دەهاتن و دەستەیەکیشمان لەولاتر ڕاماندەگرتن. من لە دەستەی دووهەم بووم کە تەمەشام کرد ماشێنێک لە دوورەوە دێ. شۆقی چراکانی بەرز بوون و ڕوون نەبوو چی و کێی تێدا. تیمی

یەکەم کە سی-چل میتر پێشتر لەسەر جادەکە ڕاوەستابوون، ئیستیان دا. ماشێن شلی کردەوە و هات لەبەردەم ئێمە ڕاوەستا. ماشێنی نیروی ئینتزامی و پشتەوەی پڕ لە چەکدار. دەرفەتی بیرکردنەوە نەبوو. وەبەر دەسڕێژ درا و تەفر و تونا بوو. ئەو هێزە ئینتزامیە وەک گوترا لە ناوچەکە خەریکی ڕاوڕووتی خەڵک بوو. سووتاندنی مایەی خۆشحاڵیی خەڵکی ناوچەکە بوو. دوای ئەوە لە کاوڵانی خوارێوە سەردانی کاوڵانی سەرێمان کرد. لەوێ بە مریشکە سوورەوەکراوەکانی ناو کۆڵەپشتییەکەی خۆم، میوانی ماڵێک بووین. زۆرم پێ خۆش بوو لەو گوندە مەلا کەریمی فیداییش ببینم بەڵام بەداخەوە دەرفەت نەبوو. ئەو شاعیرێکی ناسراو و کەسایەتییەکی خۆشناوی ناوچەکە بوو. لەبیرمە کاک عەبدوڵڵای شەریفی ئەو شەوەی شەهید بوو، دەیویست لە کوورانەوە سەردانی کاوڵانی سەرێ بکا و بۆ کارێکی تایبەت لە نیزیکەوە مەلا کەریمی فیدایی ببینێ. دەمویست بزانم ئەو شەوە مامۆستا تا چەند چاوەڕوانی هاتنی کاک عەبدوڵڵا بووە. ئەوکات من پێشمەرگەی لکی دووی هێزی پێشەوا بووم. لەگەڵ کادر و

ئەندامانی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد میوانی گوندی کووران بووین. لکەکەی دیکەمان بە فەرماندەیی ئەحمەدەسوور کە ئەوکات جێگری لک بوو، هەر ئێوارە هاتبوونە کاوڵانی سەرێ. ئێمە ماوەیەکی زۆر کورت بوو کە بەسەر ماڵەکانی کووراندا دابەش ببووین، بەرپرسەکانمان ئاگاداریان کردین خێرا خۆمان بپێچینەوە، دەڕۆین. ئەو بڕیارە کتوپڕە بە لامانەوە سەیر بوو. نە مەترسیمان لەسەر بوو و نە شتێکی نائاسایی هاتبووە پێش. من لە یەکەم کەسەکان بووم کە چوومە ئەو شوێنەی دەبوو لێی کۆ ببینەوە. پەنا ئەو ماڵە بوو کە کاک عەبدوڵڵای شەریفی و کادر و بەرپرسەکانی دیکە لێی میوان بوون. بەڵام هەموو پێشمەرگەکانی دیکە بەو خێراییەی ئێمە نەهاتبوونە شوێنی کۆبوونەوەکە. گوندی کووران گوندێکی میوانگر و پێشمەرگە خۆشەویست بوو. زۆربەی کوڕەکان لەو دێیە دۆست و ئاشنایان پەیدا کردبوو. نە پێشمەرگە و نە خانەخوێش بە تەما نەبوون وا زوو وەدەرکەوین. هەر بۆیەش زۆر کەسمان هێشتا نانیان نەخواردبوو. هەر کەس دەهات، بە پرتە و بۆڵەوە دەهات. کەس نەیدەزانی مەسەلە چییە

و چ خەبەرە. سەرپەل و سەرلکەکانیشمان هیچ وڵامێکیان بۆ ئەو نارەزایەتی و بۆڵەبۆڵە نەبوو. ئاگام لێ بوو کاک عەبدوڵای شەریفی و کادرەکانی دیکە لە ماڵی خانەخوێکەیان وەدەرکەوتن. کەمێک ڕاوەستان تا لکەکە بە تەواوی کۆ بێتەوە بەڵام ماوەی چاوەڕوانییان زۆر نەبوو. وادیاربوو زۆر بە پەلەن و لە کۆبوونەوەی خێرای ئێمەی پێشمەرگە ناهومێد بوون. بۆخۆیان ملی ڕێیان گرت. ئێمەش چەند چرکە دوای ئەوان وەڕێکەوتین. کەوتینە ئەوبەری گوند و بەرەو کاوڵانی سەرێ تێهەڵبووین کە دەنگی یەک-دوو دەسڕێژ لە پێشمان هات. ئێمە ویستمان تەقە بکەین بەڵام هیچمان لێ دیار نەبوو. شەوەکە زۆر تاریک بوو و هەور بەری ئاسمانی گرتبوو. سەید عەزیزی نیکجوویان کە فەرماندەی هێزەکە بوو، دەستووری دا تەقە نەکەین و بەرەو بستووی بەرامبەرمان هەڵکشاین. بە جۆرێک لە نیزیک شوێنی تەقەکە پاشەکشەمان کرد. لەسەر بستووەکە دانیشتبووین و چاومان لەبەری تەقەکە دەکرد کە هیچمان لێ دیار نەبوو. تەنیا جاروبار دەنگی خرمەی چەکێک دەهات. تەقە زۆر زوو تەواو بوو. زۆری

پێنەچوو کە کادرەکان و ئەوانەی کەوتبوونە کەمینەکەوە، گەڕانەوە. بەرپرسەکان بە بێسیم قسەیان دەکرد و زانیمان بەداخەوە کاک عەبدوڵڵا و قەرەنیی مام نەبی کە گەنجێکی زۆر ئازا و لەبەردڵان بوو، شەهید بوون. چەند هاوڕێیەکیش بریندار ببوون. وەبیرم نایە لە ژیانمدا خەبەری لەوە ناخۆشترم بیستبێ. بەو خەبەرە هەمووومان تێکشکاین. هێزی ڕۆیشتنمان نەبوو. لەبیرمە لەو کاتەدا کە بە قەدی تەرازوان و کانی نێرخاساندا وەسەر دەکەوتین، وردە بارانێک بەسەرماندا باری. وەک بڵێی ئاسمان دەیهەوێ لەگەڵمان بگری. بەردەوام ڕووخساری کاک عەبدوڵڵام لە بەرچاو بوو. ئەو گۆرانییەی کە زۆرجار لەبەرەخۆی بە نارەنار دەیگوتەوە؛

خودا دەیزانێ من بۆ کێ کوشتەم
بۆ کێ مەجنوون و سەرکێوان گەشتەم

ئەوەی دەیناسی، دەیزانی ئەو کوشتەی کوردستان بوو. بۆ ڕزگاری و ئازادیی نەتەوەکەی دەستی لە خوێندن و زانکۆ هەڵگرتبوو و

"سەر کێوان گەشتە" بوو. لەولاوەش هاوسەرەکەی و چوار منداڵی لە بنکەکانی حیزب بەجێهێشتبوو. لەو کاتەی ساڵدا، لە دەگمەن ئەندامانی رێبەریی حیزب بوو کە لە قووڵایی ناوچەدا تێکۆشانیان دەکرد. تا زیاتر لە ناو شاری مەهاباد نیزیکتر با، هەستی تێکۆشان و خەباتی ئەو زیاتر کڵپەی دەسەند. لە گوندە گەورەکان خەڵکی بۆ مزگەوتی دێ بانگهێشت دەکرد و کۆبوونەوەی بۆ دەکردن. باسی ئەرکی نەتەوایەتی و کوردانەی وەبیر دەهێنانەوە و بۆ خەبات و بەرەنگاری هانی دەدان. خەڵک بە خۆشحاڵییەوە بەرەوپیری کۆبوونەوەکانی دەچوون.

ئەو هەموو پەلەکردنەی کاک عەبدوڵلا و هاوڕێکانی بۆ ڕۆیشتن و چۆنییەتی ڕۆیشتنیان ئاسایی نەبوو. شوێنی تەقەکە ئێوارە لکێک و تیمێکی دیکەشمان پێیدا ڕۆیشتبوون، ڕادە و ڕێژەی کەمی تەقەکە کە دیاربوو ئامانجدار بوو، ئەنگاوتنی کاک عەبدوڵلا و قەرەنی و عوسمان نەڵۆسە کە هەرسێکیان جامانەیان بەسەرەوە بوو، نیشانەگەلێکی سەرەتایی و هاوکات زەق بوون بۆ ئەوەی ئەو

کەمین و شەهیدبوونە بە کەمینێکی ئاسایی و بە شەهیدبوونێکی بە هەڵکەوت نەزانین. ئەوەش داخی شەهیدبوونەکەیان هیندەی دیکە لە ئێمە بەژان کردبوو. کاک عەبدوڵلا جگە لەوە کە ڕێبەرێکی



پۆلێک لە هاوڕێیان تەرمی کاک عەبدوڵلای شەریفی بەرێ دەکەن
لە ڕاستەوە؛ محەممەد شاروێرانی، ئەحمەدەسوور، خالەق قادر ڕەش، مام عەلی، ... سمایل بەرزگەر


بەتوانا و مرۆڤێکی زۆر زانا بوو، لای من و زۆربەی هاوڕێکان زۆر ئازیز و خۆشەویست بوو. کە هاتم بۆ پێشمەرگایەتی، ئەو و کاک سمایلی بازیار کە ئەوکات فەرماندەی هێزی پێشەوا بوو، بە گەرمی پێشوازییان لێ کردم، باوەشیان بۆ کردمەوە و باڵیان بەسەردا کێشام. بێ ئەوەی ناسیاویی پێشوەختم لەگەڵیان هەبێ، هەر لە سەرەتاوە هەوڵیان دا لەلای ئەوان و لە هێزی پێشەوادا درێژە بە تێکۆشان و پێشمەرگایەتی بدەم. سەرەڕای ئەوە کە تازە بووومە پێشمەرگە و ڕەخنە و گازندەی زۆریشی هاتەوە سەر، ناردمی بۆ دەورەی مامۆستایەتی. وادیاربوو دەیهەوێ وێڕای

هاوڕێکانی دیکە بۆ دیتنی دەورەی زیاتر و ئەرکی گرینگتر ئامادەمان بکا. سبەینێی ئەو شەوەی تەرمی سەلاحمان گواستەوە و بەرەبەیان ناشتمان، بانگی کردم، وەک ڕەفیقێکی نیزیکی سەلاح سەرەخۆشی لێ کردم و دڵخۆشی دامەوە. بەوە، ئەو هیندەی دیکە لەلام ئازیزتر بوو. باوکمم وەبیر هاتەوە کە کاتێک بۆ ئاخرجار سەردانی کردم، پێی گوتم؛ "ئەوە دەڕۆمەوە و بەجێت دەهێڵم بەڵام هیچ لێت نیگەران نیم چونکە لێرە کەسی وەک کاک عەوڵای لێیە".

دوای شەهیدبوونی کاک عەبدوڵڵا، هەوڵم دا دیمەنی شەوی شەهیدبوونی ئەو و حاڵی خۆمان لە شێعرێکدا وێنا بکەم کە ئەوەی خوارەوەی لێکەوتەوە؛

## بۆ شەهید عەبدوڵڵای شەریفی

له شەوێکی ئەنگوستەچاو
کە سۆمایی نێو چاوانی هەمووومان بووی
بە دوانیگای مۆلەق وەستاو
ماڵاواییت کرد و ڕۆییشتی



لەم شەوگارە تاریکەدا
بۆ پێشمەرگە
پێشەنگی ڕێی سەخت و دژوار
بۆ  هەژاران
هێزی خەبات و وزەی کار
بۆ جووتیاران
وەک بارانی پەڵەی بەهار
لە ناو زانکۆش
ببووی  بە قەڵەمی خوێندکار
ماڵاواییت کرد و ڕۆیشتی.

داد لە دەست ئەم شوومە شەوە

هەر دەڕۆین و نابڕێتەوە

بە دەم فرمێسک و تاسەوە

بەسەر پشتی تەرازوان و مێرخاسەوە

تەرمی لە خوێندا شەڵاڵی مێرخاسێکمان بە کۆڵەوە

دەڕۆین و دڵ بە داخەوە

شین دەگێڕین لە ناخەوە

بە ڕیز.. خەمناک..ڕێگە دەبڕین

لوولەی چەکمان داشۆڕاوەو

کاس و وڕین

بەو داخەوە داخ کراوین

داسووی شەو لە چاوی داوین

هەر نازانین لە کام لاوە ئەنگاوین..

بێدەنگ.. بێدەنگ

بۆ مەرگی ڕێبەرێک دەگرین

ئازایانە دەژیا بۆ ژین

لەگەڵ ئاسمان

فرمێسکی بەسەردا دەڕێژین

لەگەڵ پاییز

دەردی جودایی دەچێژین

دەیبەین تا لە بناری وڵات

نا...

لە دڵماندا

دەینێژین

ناوچەی بانە - ڕەزبەری ١٣٧٣

***

بەشی زۆری گوندەکانی گەورکایەتی، گوندی گەورە و خەڵکی میوانگر و پێشمەرگە خۆشەویست بوون. لەو ماوەیەدا سەردانی بەشێکی زۆر لەو گوندانەمان کرد؛ وەک ماژگێ، گرشیلان، کانێڕەش، برایمخەسار، زاواکێو، سڵامەت، زێراندۆڵ، ئاغوەتمان، سوێناس، قالوێکان و... لە زۆربەی ئەو گوندانەش ڕۆژانە بە نهێنی لە دوو یان چەند ماڵدا دەماینەوە. ئێواران خۆمان ئاشکرا دەکرد و نیوەشەو بەرەو گوندێکی دیکە وەڕێدەکەوتین. لە زۆربەی ماڵەکان دووپاتبوونەوەی دوو شت بۆ من سەرنجڕاکێش بوو. یەکەم وێنە یان وێنەی گوڵدۆزی کراوی هێمای شایماران بوو. وای لێ هاتبوو ئەگەر چووباینە ماڵێک و ئەو وێنەیە بە دیوارەوە نەبا، پرسیارمان دەکرد. نیزیک بە تەواوی وڵامەکانیش ئەوە بوو کە ئەوە بەسەر دیواری دیوەکەی دیکەدا هەڵواسراوە یان شۆردوومانە و... واتە کەم ماڵ هەبوو بڵێ نیمانە. لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم ساڵانەی دواییمدا بۆم ڕوون بۆوە کە ئەوە هێمای پلەی شەشەمی ئایینی میترایە کە خودای شەڕە. هێماکە

زیاتر وەک پاسەوان و پارێزەر لە ژووری گەورەکچان هەڵیدەواسن.

دیاردەی دووهەم پەرەگرتنی تەون و چنینی فەڕش بوو. لە زۆر ماڵان تەون بە دارەوە بوو. ڕۆژ و شەو، دوو یان چەند کچۆڵە خەریکی چنین بوون. لە حاڵێکدا ئەوان لەو تەمەنەدا دەبوو خەریکی خوێندن بن و بۆ داهاتوو ئامادە بکرێن. زۆربەیان بە هۆی دانیشتنی زۆر لە پای تەون و چنین، تووشی پشتئێشە و کزبوونی چاو ببوون. دیتنی دۆخی ئەوان هەوێنی لە دایکبوونی ئەم شێعرەم بوو؛

## تەون

نە شەوێکن..

نە دوان..

نە سیان..

چها شەون

وەکوو تاکتاککەرەی ماندوو

دەست بە کەڵکیت

چاو لەسەر ڕایەڵەی تەون

ماندوو و شەکەت

تا شەو درەنگان ناخەون.

چها شەون

بە گڕ هەژاریدا دەچن

پەنجەکانتان بە تانوپۆوە ناسرەون.

کچانی پەنجە نەخشینی وڵاتەکەم

کرێکارانی بێ حەقدەست

ئەو شەوانەی کە ئاوایی خەو دایدەگرێ و

تەنیا چاوی دەلاقەی دیوەکەی ئێوە ئاوەڵایە

تەنیا دڵی ژوورەکەی ئێوە لێدەداو

دەستی ئێوە لە کاردایە

ئەو شەوانەی دەنگی کەلکیتەکەی ئێوە هاوڕێی شەوە

کامەتان بیر دەکەنەوە

زیل و بەمی تان و پۆتان

سازی خەوی تاجرانە

ڕەنگی فەڕشی هەڵواسراوتان

خەونی سەوزی بازرگانە

کامەتان بە بیرتاندا دێ

ئاخۆ سبەی کامیانی پێ خەنی دەبێ

کێهە وەزیر لێرەو لەوێ

خۆی بە پەنجەی نەخشینی ئێوە ڕادەنێ؟!

ئاخۆ سبەی تابلۆکەتان

لەپێتەختی کام وڵاتا

بە ڕاوێچکەی کێهە پاشا پێخوست دەبێ

نازی کام شاژن هەڵدەگرێ؟

بەڵام ئاخۆ بلێی سبەی

ساتەوەختێک

بیر و هزری کڕیارەکەی داگیر بکا تابلۆکەتان

بلێی خەونەکانی شاژن جارێ ئێوەش بگرێتەوە؟!

کێ دەزانێ

ئەوە بەرهەمی بەهاری جوانیتانە

بەری شەوانی ماندوویی و شەونخوونی

بەری ئازاری نەبوونی

کێ دەزانێ

بۆ ساتێ بە بیر کێدا دێ

بەهاری عومری ماندووتان

دەستی جومگە جەمام بووتان

چاوی ماندووی سۆما چووتان

ناوچەی مەهاباد – زستانی ١٣٧٤

***

زستان داهاتبوو و هەوا ساردتر ببوو. ئەگەرچی بەفر زۆر نەبوو بەڵام سەرمای زیاتر هەڵسووڕانی ئێمەی دژوارتر دەکرد. مانەوەمان لە دەرەوە و لە چیاکان بۆ ماوەیەکی کەمیش هەر سەخت و تاقەت پرووکێن بوو. بڕیار درا بەرەو بنکەکانمان لە باشووری کوردستان هەڵگەڕێین. دەمانویست بە ناوچەی سەردەشتدا بگەڕێینەوە. ئێوارەیەک ئاودیوی دیوی لێڕەوار بووین. بەری بەیانی گەیشتینە گوندی مێونێ کە لە نیزیک جادەی مەهاباد-سەردەشت هەڵکەوتووە. تیمەکەی ناوچەی بۆکانیشمان لەگەڵ کەوتبوو کە لە ڕزگار حەبیب زادە، دەریا مەعرووفی و جەعفەر کەریمی پێکهاتبوون. لە چەند ماڵدا بە نهێنی ماینەوە. ئێمە میوانی ماڵێک بووین کە ساڵی پێشوو بێ ئیجازە لە بێستانەکەیمان خواردبوو. دیاربوو لە تاریکایی شەودا بڕکەکانیمان شەمزاندبوو. حاجی دوای ئەو ماوە زۆرە هێشتا تووڕەیی بەری

نەدابوو. لە ئێمە بە گومان بوو بەڵام لێی ڕوون نەبوو. جاروبار جنێوێکی دەنارد بەڵام گوێمان نەدەدایە و خۆمان وەبەر نەدەگرت. تیمێکی دیکەمان کە لە ماڵێکی دیکەدا مابوونەوە ئاگاداریان کردین کە دوو سواڵکەر بە ماڵاندا دەگەڕێن. ڕەنگە جاسووس بووبن و تفەنگەکانی ئێمەیان دیبێ و هەستیان بە بوونمان لەو ماڵە و لەو گوندەدا کردبێ. تازە چ نەدەکرا. لەگەڵ تاریکانی ئێوارە خۆمان کۆ کردەوە و بەڕێبووین. سەر جادە هەمیشە مەترسیی بوونی کەمینی هەبوو. بە درووستی لەبیرم نییە کێمان تیمی پێشڕەو بوون کە یەک ناگا تەقە و دەسڕێژ زۆر بە خەستی دەستی پێ کرد. تیمی پێشڕەو زۆر زوو گەڕانەوە لامان. ئەسعەد شاماتی ڕانی پێکرابوو و بریندار بوو. ئەحمەد فیشەک بەر تفەنگەکەی کەوتبوو و پڕیشکە ئەوەندەی دیکە دەموچاوی شڵە کردبوو. ئەوانی دیکەمان سڵامەت بوون. ئەسعەدمان لە کۆڵ کرد و بە نێو تەقە و ڕێژنەی گوللەدا بە خێراییی گەڕاینەوە. لە نستان لامان دا. هەناسەیەکمان تازە کردەوە و برینی ئەسعەدمان پێچا. سەرەنجام لە گەنمان

خۆمان گرتەوە. گەنمان چەندانجار ببوو بە پاتۆقمان. من هەموو جارێ میوانی خاڵە بایز دەبووم و ئەوجارەش هەر ڕووم لە ماڵی ئەوان کردەوە. ماڵێکی ڕووخۆش و نانبدە. ئەگەر سەدجار ڕۆیشتبای و گەڕابایەوە ماڵیان، هەر وەک تازەمیوان پێشوازییان لێ دەکردی و قەدریان دەگرتی. خەریکی نانخواردن بووین کە دیتم خاتوونی ماڵەکە بە دەورەمدا دەهات و چاوی لەسەر هەڵنەدەگرتم. بۆ ئەوە نەدەبوو دڵمی لێ پیس بکەم. لە جێی دایکم بوو و وەک کوڕی ماڵێش وابووم. بەڵام زۆر خراپ لە خۆم کەوتبوومە گومانەوە. خودایە ئەو ژنە بۆ ئاوام بە دەورەدا دێ و بۆ وا چاوم لێ دەکا؟! نازانم چۆن بوو وەدەنگ هات و گوتی ڕۆڵە ئەتۆ کە برینداری، بۆ دەیشاریەوە و دەنگ ناکەی؟! خۆ ئەمن لەجێی دایکی تۆم! ئەو قسەیەم زۆر پێ سەیر بوو. هیچم دەخۆمدا شک نەدەبرد. گوتم؛ کوا خۆ بریندار نیم! پێیوابوو بریندارم و لە شەرمان حاشای لێ دەکەم. گوتی؛ ئەوە نییە باڵتۆکەت بە فیشەک کون بووە و هەمووی خوێنە! ئەگەر چاوم لێ کرد، دیتم ڕاست دەکا. تۆمەز لە کاتی ڕۆیشتندا تفەنگەکەم کە باڵتۆکەمی

لەسەر خەشابەکان کوتابۆوە و کونی کردبوو، خوێنی ئەسعەدیشی بەسەردا ڕەق هەڵاتبوو!

***

دوای ئەوەی بۆ گەڕانەوە بە ناوچەی سەردەشتدا ڕێگامان دەرنەکرد، ماوەیەکماینەوە تا هەم برینی ئەسعەد سارێژ بێتەوە و هەمیش ڕێژیم ناهومێد و ماندوو بێ و بڵاوە بەو هێزە بکا کە بۆ پێشگرتن لە گەڕانەوەمان کۆی کردبۆوە. ئەحمەدەسوور لەگەڵ بریندارەکان لەو دەڤەرە مانەوە و ئێمەش چەند گوندی دیکەی ناوچەکانی گەورک و مەنگوڕایەتیمان بەسەر کردنەوە. ئەمجار بڕیارمان دا بە ناوچەی بانەدا بگەڕێینەوە. شەو لە گوندی سووتو لامان دا و پاشان ڕێگامان بەرەو سنوور بڕی. ڕۆژێک لە ئاوایی ورچەک ماینەوە. ئێوارە بەرەو گوندی ئاڵوەت وەڕێکەوتین کە لە نیزیک سنوور هەڵکەوتووە. سنوور مینڕێژ و زۆر جاریش کەمین بوو. دەبوو شارەزا پەیدا بکەین و بۆخۆمان ڕێگامان دەرنەدەکرد. لە گوندی ئاڵوەت (ئاڵۆت) کەسی شارەزامان پەیدا کرد و ئێسترێکیشمان وەرگرت بۆ ئەوەی ئاسانتر بتوانین بریندارەکەمان ڕاگوێزین. شەوێکی زۆر تاریک و نووتەک بوو. هەورێکی ڕەش بەری ئاسمانی گرتبوو و باران دەباری. بە بزنەڕێیەکدا ڕێگامان گرتە بەر. دەبوو زۆر بە وریایی بڕۆین. لەو توولەڕێیە ترازاباین ڕەنگ بوو مین

لەژێر پێماندا بتەقێتەوە. تازە لە تیرەگی ئەو کێوە ئاوا ببووین کە کەوتۆتە پشت گوندی ئاڵوەت (ئاڵۆت) و بەو دیویدا چەمی چۆمان لە داوێنی، سنووری دەسکردی نێوان دوو وڵات دیاری دەکا کە بەڵەدەکەمان ڕایگرتین و گوتی ئەگەر دەمکوژن هەر ئێستا بمکوژن دەنا ئەمن چیدی ناتوانم لەگەڵتان بێم. هێندێک دار و چرپی پێشان داین کە لەسەر ڕێگاکە هەڵچندرابوون. ئەوە نیشانە و پەیامی وشیارکردنەوەی قاچاخچیان بوو بۆ کەسانی دوای خۆیان کە ڕێگاکە مینرێژ کراوە و پێیدا نەڕۆن. بڕێکمان پێداگری لەگەڵ کابرای شارەزا کرد و لەبەری پاڕاینەوە بەڵام بێ ئاکام بوو. لە هەمووومان چاکتر ئەو ڕێگایە و ئەو هێمای مەترسییەی دەناسی. هێماکە بۆ ئەو حوکمی ئەو تابلۆ سێ گۆشەیە بوو کە شکڵی کەللەسەرێک و دوو ئێسکی لەسەرە و مەترسیی مەرگی لەژێر نووسراوە. ئەو گەڕایەوە بەڵام ئێمە دەبوو هەر بڕۆین. گەڕانەوەمان ڕیسکێکی گەورەتر بوو. تازە لەو ناوچەیە ئاشکرا ببووین و حەوانەوە و دەربازبوونمان سەختتر دەبوو. ناچار

بۆخۆمان ملی ڕێگامان گرت. هیچمان حەزمان نەدەکرد وەپێش کەوین. بەڵام ئەحمەد ئەگەرچی تازەزاواش بوو، بێ دوودڵی و وەک هەمیشە پێشەنگایەتی بۆ کردین. ئێسترەکەمان وەپێش خۆمان دا تا مەترسیی مەرگ لەسەر خۆمان کەمتر بکەینەوە.



ئێستر سپیلک بوو و لەو شەوە تاریکەدا دەبیندرا. دڕۆیشتین و چاوەڕوان بووین لە جێگایەک مین لەژێر پێماندا بتەقێتەوە. بە هەورازێکی ڕژد دا شۆڕ ببووینەوە و زۆرمان نەمابوو کە بگەینە سەر چۆمەکە، یەک ناگا شتێک لەژێر پێی ئێسترەکەدا بریسکەی دا و فششەی کرد. تەڵەی مین بوو کە وەبەر پاشووی ئێسترەکە کەوت. هەموو لەجێی خۆمان راوەستاین و چاوەڕێ بووین مینەکە بتەقێتەوە. بەڵام هیچ لە گۆڕێدا نەبوو. ڕەنگە باران چاشنییەکەی تەڕ کردبێ و مینەکەی لە کاری خستبێ، ڕەنگە دوعای پیرێژنەکان بووبێ کە ئەمجارەش بە فریامان گەیشت یان دەستی غەیبیمان لەگەڵ بوو یاخود شانس.. هەرچی بێ ئەوە دوا خەتەر بوو کە بە

سڵامەتی لێی دەرباز بووین. لە پایەگای ئەو بەرمانەوە چەند تەقەیەک کرا. بەڵام تەنیا تەقەی کوێر و گومان بوو. چەند میترێک خوارتر چەمی چۆمان بوو. خوڕێن بوو بەڵام گەورە نەبوو. بە ئاسانی لێی پەڕاینەوە و لە مەترسی رەخساین. باران، ڕووبار و زەویی تەڕ هەموو گیانمانی خووساندبوو. لەشمان شەکەت و ماندووی ئەو رێگا سەختە و ئەو شەوە تاریک و تووش و پڕ مەترسییە بوو. پێویستمان بە حەسانەوەیەکی باش هەبوو. مەودایەکی ئەوتۆمان لەگەڵ گوندی شانەخسێ لە دیوی باشوور نەبوو. دێیەکی بەربڵاو بوو و ماڵەکانی وەک دێهاتەکانی دیوی ڕۆژهەڵات بەسەر یەکەوە نەبوون. بەسەر چەند ماڵدا دابەش بووین. من پێموانەبوو خەڵکی ئەوێ وەک خەڵکی دیوی کوێستان میوانداریمان بکەن. هەرچی بێ ئێمە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات بووین کە ژێردەستی کۆماری ئیسلامییە. ئەوان سەر بە باشووری کوردستان و بەشی ئازادکراو بوون و بە ڕواڵەت چارەنووسمان لێک گرێ نەدراوە. بەڵام ئەو ڕێز و میوانداری و پێڕاگەیشتنەی لە خانەخوێکەمان و لە خەڵکی ئەو ئاواییەم دیت، کەموێنە بوو. بە

بێ ئەوەی لە دەرگای ماڵێک بدەین، خەڵکەکە بۆخۆیان بە پێشوازمانەوە دەهاتن و بۆ ماڵی خۆیان دەیانبردینەوە. هیچ پێموانەبوو جیاوازییان لەگەڵ خەڵکی دیوی ڕۆژهەڵات هەیە. چەند سەعاتێک لەو گوندە ماینەوە تا حیزب بە چەند ماشێنان گەیشتە لامان. ماڵاواییمان لە خەڵکی میوانگر و نیشتمانپەروەری شانەخسێ خواست و بەرەو کۆیە و بنکەکانمان لە باشووری کوردستان وەڕێکەوتین.

***

ئەوەی ئەو جەولە و تێکۆشانەی ئێمەی لە جەولەکانی پێشتر جیا دەکردەوە ئەوە بوو کە؛

- لە وەرزی سەرما و زستاندا ئەنجام درا و ماوەکەشی بە لەقەدەر وەرزی تێکۆشانەکە درێژخایەن بوو.
- پتر لە خەڵک نیزیک بووینەوەو زیاتر لە ناویاندا بووین.
- ڕادەی تێکەڵچوونمان لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم زۆر و خەسارمان یەکجار کەم بوو.
- توانیمان بە شێوەی ئاشکرا نفووز بکەینە ناو قووڵایی ناوچەکان کە لە جەولەکانی دیکەدا بە ئاسانی بۆمان نەدەکرا.
- بڕێکی باش یارمەتیمان بۆ حیزب کۆ کردەوە.
- دەستمان لە جموجۆڵ و تێکۆشاندا ئاواڵەتر و ئازادتر بووین.

- ئەو جەولەیە لە دواجەولە ئاشکراکانی پێشمەرگە لەنێو خەڵکدا بوو و دوای ئەوە لەژێر گوشاری هێزەکانی باشووری کوردستان، جموجۆڵی پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەم و کەمتر بۆوە.

- لەو هاوڕێیانەی کە لەو جەولەیەدا بەشدار بوون بەداخەوە ڕەحمەت حەسەنپوور ساڵی ١٣٧٥ لە شاری مەهاباد و ئەحمەد زاواکێوی ساڵی ١٣٧٦ لە مەیدانچۆغە شەهید بوون. هاوڕێیانی دیکە بە خۆشیەوە لە ژیاندا ماون.



فێرگەی حیزب – هاوینی ١٣٧٥

دانیشتوو: ئیبراهیم لەیلانی

ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە: تاهیر- ئەحمەد دەروێش - فەرهاد ئازادی